سەباح ڕەنجدەر
ناڵە حەسەن



# عەشق جوانترە لە مردن

عەشقجوانترەلە مردن

سەباح ڕەنجدەر
ناڵە حەسەن

# Love
## *is beautiful more than Death*

**By:**
**Sabah Ranjdar and Nala Hassan**

# عەشق
# جوانترە
# لە مردن

سەباح ڕەنجدەر نالە حەسەن

ناوی کتێب: عەشق جوانترە لە مردن
بابەت: شیعر
تایب: یاد سەباح ڕەنجدەر - ناڵە حەسەن
دیزاین: جەوهەر فەتاح
چاپ: چاپی ئەلەکترۆنی **٢٠١٩**

**سەرەتایەک؛**

ئامانجمان لەم کتێبە، خۆشاردنەوە نییە لەژێر ساباتی ئەزموونی یەکتریدا، هێندەی مەبەستمان نمایشکردنی کارێکی هاوبەشە. ئێمە دوو شاعیرین، بە ستایل و زمانی جیاوازەوە دەنووسین. بەڵام، بیرکردنەوەمان بۆ شیعر و داهێنان لە یەکترییەوە نزیکە، بیرۆکەی پڕۆژەی ئەو کتێبەم ئەو کاتە بۆهات، ئەودەمەی خەریکی نووسینی بەشی دووەمی، وتاری (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا) بووم. قووڵ بوونەوە لە قسەکانی شاعیر و نووسەری مەکسیکی (ئۆکتاڤیۆپاز)، کە دەڵێت، پێویستە دوژمنەکەشت وەک مرۆڤ چاولێبکەی، مرۆڤەکان بە هەموو جیاوزییەکانیانەوە دەتوانن لەگەڵیەکدا بژین. یان وردبوونەوە لە وەڵامەکەی (فرۆید) بە نامەکەی(ئەنیشتاین)، دەربارەی جەنگ و وێرانکاری و دەروونی مرۆڤ، کە دەڵێت، مرۆڤ لەباری دەروونییەوە لەسەر دوو غەریزە کاردەکات، یەکێکیان/ غەریزەی عەشق و خۆشەویستی و مەیلی ژیاندۆستی، ئەویتر/ غەریزەی جەنگ و وێرانکاری و مەیلی مەرگدۆستی.. هەروەها دەڵێت/ ئەگەر مرۆڤەکان بیانەوێت دەتوانن، کایەی عەشق و خەشەویستی لەنێو ژیاندا فراوانتر بکەن لە کایەی وێرانکاری و مردن..! ئێمەش مەبەستمانە لە ڕێگەی، شیعر و ئەم کارە هاوبەشەمان، ڕووبەری (عەشق و خۆشەویستی) و ڕێزگرتن لە یەکتری فراوانتر بکەین، دەمانەوێت جیاوازییەکانمان بکەینە سەرچاوەیەکیتر بۆ داهێنان، ئێمەش پێمانوایە، مرۆڤەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە، مادەم مرۆڤن، دەکرێ مرۆڤبوونییان بکەن بە خاڵی هاوبەش و کاری لەسەر بکەن. عەشق لە تایتلی ئەم کتێبەدا بوونێکی سەرەکی هەیە، بە بڕوای ئێمە عەشقیش یانی ژیان، بۆیە لە دواجار دەمانەوێت بڵێین،

(ژیان جوانترە لە مردن...!).

**نالە حەسەن**
**ئاداری ٢٠١٩**

# کتێبی یەکەم؛
# قەسیدەکانی/ سەباح ڕەنجدەر

١ – ١٨/ ١١/ ١٩٦٥
٢ – ئەو دنیا و ئەو دنیا
٣ – بەها و هەڵەی پێشبینییەکان

# ١٩٦٥/١١/١٨

ساڵەکان ماندوون و گۆرانی نیوە گوتراون
دیوانەکەم لەلایەک دادەنێم و داوا لە خودا دەکەم
ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکات
لە ڕۆژی لەدایکبوونم کۆچ و باربم
دارەبازەشم بەرز بکرێتەوە ناو ڕووناکییەکی بەهێز
ئەفسوونێک خەملیوە و میوەکان کۆ دەکەمەوە
لابالێکی مێش لە خۆشاویان نقووم دەکەم
دەستم بە سینگەوە گرت و هەڵمبڕی و هەڵمدا
هەواڵی بای جەنگی ناو چیاکانم پرسی و بۆنی پیسی لوولەی تفەنگم بۆ هات
خۆشی لە خۆم
ڕازی کەروێشکێکم نەشکاندووە و مێشێکیشم لەکەدار نەکردووە
قاچێکم لە ڕۆخی کەوتنەخوارەوە داکەوتووە
ئەنگوستیلەی حیکمەتیش لە پەنجەم بەخەبەرە و دەڵێت
ئەمشەو بەیان زوو دێ و زیاتر لە جارێک بسووتێ
دەڵێی یەکەم جارە ژیان چەترم لەسەر هەڵدەدا
دنیا سەرەتایە و ساڵەکانیش پیرەوکەن
شیعرزادەیەکی بە خانەکانی خودا ڕەنگاوڕەنگ بووم

بەناو خەڵکدا تێپەڕیم
ویستم دوا وشەیان لێ وەرگرم و دوا وشەشم ببیستن
ڕوخسارەکان گرمۆڵە ببوون و مردنیش بەردەوام ڕووی دەدا
بیرم لە ئاسمانی بە باران کردبووەوە و هاتبووم
گوللەی گیربوو لە زمانیان دەربهێنم
کوورەی ئەتۆمیش وەک دەمی بوڕکانێکی دامرکاو دابخەم

تەم ڕێگاکانی گەمارۆ دابوو
نارنجێک بووم باران لە دار بەریدامەوە ناو چاڵی گوللەیەک
چێڵێکی عۆڵ و حەپۆڵ دەمخوات
نوێژی ئەستێران چاوەکانی خەڵک تاریکن و تاریکایی جیهانیشم لەپێشە
پێویستە من ئارام بم
شیعر ئەندازەی ئازارەکانی زەوی و بیرەوەری شوێنپێکان
کردوومت بە خوێنی پشتی خۆت
لە گۆڕستانی شادمانی ئاوێتەی خاکم کە و پێشەکیم بۆ کتێبی خوداوەندان
درەختی بنەماڵەی شیعر
بە ژوور سەرمەوە شەرحی حاڵە
لە پەلکی یەکەمدا کە تەختەڕەشی ڕەوانبێژییە بنووسن ئاوێنە گەورەکە
لە پەلکی دووەمیشدا پەیکەری سەرکردە
دەڵێی یەکەم جارمە چاو بەرز دەکەمەوە ناو
ڕووناکییەکی بەهێز و لە ئەستێرەیەکی نزیک ورد دەبمەوە

بێپەروایی هاتوچوونی بلاچە
ئەو کاتە نەرمەی ماوە بۆ سبەینێ
هەڵقولانی ناخێک کوشتیان وریابوو نەمرد
بیرکردنەوە لەو ئازایانەی دەبنە سرووشی پێشبینی
لە یەکەم ئومێددا گەشەدەکەن و لە دوا ئومێددا دەمێننەوە
بەم شێوەیە لە لەشێکدا ڕەنگ و ڕووم کرایەوە
زەوی بە هێمای پەنجە گەرم بوو
ڕەش  و سپی ڕەنگی تەواون و لە چاڵی گوللەیەک
ڕستی بینینیان تێکپەڕی و مەترسیی دڕندەی تاهەتاییان تێپەڕاند
شیعر کردنی بە یەکەم ئومێد
ئومێدی دووەمیش هێشتان ڕوخساری پیشان نەداوین
پاراو و ئاشکرا لە خوێنمدا
هەناسەیان لەسەرخۆ خواردەوە و ئەوەیان بینی کە دەیانەوێ

*　*　*

ڕووناکییەکی مایەوەی ناو قۆزاخە
کۆمەڵێک دەستنووسی تەواو نەکراوی دامێ
بە تاسەوە ڕاما و فەرموو تەواویان بکە
لە ساکاریی توانیم بەم جۆرە بژیم
باران بەر لە بارینی
کۆپلەیەکی لە دەستنووسەکەی پێیداهاتبوومەوە هەڵبژارد بۆ هەڵەچنی
لە ماتەمی بلیمەتان بگەڕێوە

خانەی شاکارەکانی خودا ڕژاوەتە خانەکانتەوە
خوێنت بەرەو سووربوون دەڕوا و ڕاڕایی پاک دەکاتەوە
دەشزانم لەناو چاڵی گوللەدا دەبێ قەڵەمکێشی
خاڵی سەر ڕوومەتی هەوری ڕێبوار بکێشم
بەو گۆزەیەش بگەم کە سکاڵای لە جامەکان دەکرد
گای ورووژاو بە نووکە قۆچێک تووڕی دابووە لاڕێ

*　*　*

بۆنی هێلکەی ڕووخۆشی ناو هێلانە دەکەم و ختووکەی تروکانی دەدەم
باڵندە لە واتا ڕووت نابێتەوە
سوپاس بۆ خودا کەروێشک گۆشتخۆرنەبوو
ئەگەر پەنجەم لەسەر کاغەز ڕاوی لە گۆمی لێڵ کرد
لێ دەگەڕێم مشکی دز بیخوا
بێزارییم کەمتر دەبێ
دەشمەوێ خەونەکانم زوو بگرم نەوەک بڕۆن

*　*　*

قتووی دەرمانەکانم لە پەنجەرەی سووری ئەشق دانا
سرووودی مەستان لە حاڵیان پرسیم
پێم لە عارد خشاند و لە میانەی دوو خەون بووم بە ڕووەکخۆر

❊　❊　❊

شیعرەکانم دڵسۆزمن و ژیانی لەوە باشتر ناژین
داواشم لە خاڵبەندی کردووە واز لە ڕاوەدوونانی ڕستە بێنێت
ئێستا هەر ئەوەندەم لەسەرە
لە نائومێدی نەترسم و بشزانم هەوێنی ئاسوودەیی نامەیێت

❊　❊　❊

لەناو گەرمەی خەونێکدا ئەو ڕازەم دەستنیشانکرد
گۆڕستانی شادمانیم لە گوندەکەمە
ڕوخسارە لە یادکراوەکان و باڵندە تێیدا بەخەبەردێن
دار قەڵەمتۆزەکان تەواو دەنگی منن و وەک برووسکە زیندوون
وەرن کلیلی دەرگای باخم لێ وەرگرن گڵۆپی تێدا دەپشکوێ
دنیا تۆ ناتوانی تێبگەی جارێ منداڵی
چەک و فەنەر و پەڕەمووچ دادەنێم و وچانێک
شتێکی سادە ڕوودەدا
وندەبم و شوێنەکەم پێنازانن
ژیان دەپارێزم و سەیری ئەو دەستانە دەکەم کە گوشیومن بۆ تەوقە
لە گۆڕەکەشمەوە لەخۆم دەڕوانم
بوومەتە گۆی زەوی بە چواردەوری هەمووواندا دەسووڕێمەوە
تاج و ئەڵماسی واقوڕمانێکی هەمیشەیین
مانگ دەبینم دەژی
ئەسپی کێوی یەکەم گزنگ دەخاتە سەرپشتی و دێتە سەرتای ڕێگا
دەپرسێ خودا ئاسمانی بۆ باڵندە یان فڕۆکە ڕۆشنکردووە

**تشرینی دووەمی ٢٠١٨ هەولێر**

# ئەو دنیا و ئەو دنیا

هەڵم تاودەدەم بەرەو ئاسمان
با ببارێ
بەڵا لادەدا و وێنەی ناو کاتی مردوو دەکاتەوە بە ژیان
کاتژمێریش دەبەمە دواوە
ڕوخساری نوێژێک گەڕایەوە ناو یەکەم گزنگ
شان و ملی دایکی تامەزرۆیی شێلا و لە شێوەی شیر هەوێنبوو
یەزدانی دڵی خۆی ناسی و شمشێری ڕووتی درادەست
نەبووە وێنەی ناقۆڵا و پەڵەیەکی هەڵبزڕکاو
لە نزیک ڕێگایەک دانیشتووم و هێز دەخەمەوە ئەژنۆم
ڕۆژ سپێدە بدات بە ڕوونییەکی تەواو ڕوون دەچمە ناو شار
ڕووەکی تیشک ڕەگی دەهێنێتە ناو دەستی و گەڵاکانی ناکەون
ڕووەکی دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی دنیایە¬
ڕوخساری گەرمی باپیرانی سروشتخوازیش
دەرگای شار کلیل و قفڵی نەکەوتووە
لە سێبەری کلکی ئەژدیها داندراوە

هاتوچۆ تێیدا دەستی بەتاج بۆ سەری کەس درێژ ناکات
جگە لە نەریت و ڕێوڕەسمی پشیلە
لەبەر ئاگری حەوت ماڵان بەچکە چاونەپشکوتووەکانی گەرم دەکاتەوە
مۆسیقای پێی ئاشنا نابیسترێ
ئاوی شار لێڵ و گرانە
بەڕۆژوو ناتوانی بیخواتەوە
شیعر و نوێژی هاوڕێ خاکییەکەم
دواڕکات لە بەرەبەیاندا ناسینە لە چاوێکی گەرمدا ئاسۆی تێدا سووردەبێت
یان شکۆی ئاهەنگێکە دڵی بۆمان دەکاتەوە و جوانی دەهێنێتە ناومان
دەستێک دەبێتە هەڵگری هەموو ناو و میوەی درەختە بە تەمەنەکان
بە دەشتاییەکی تابڵێی ڕوون ڕادەکا و هەناسەیەک وەردەگرێ
چاوی بەرزدەکاتەوە و دەبینێ سوارێک نهێنی ڕاگرتووە و بۆ لای دێ
بێپەروایی چووەتە ڕەگیەوە و لەناو گەشەی دەژی
ئێمەین بە دەورییەوە گەرمایی گیانین
هێز دەخاتەوە ئەژنۆی و دێتەوە شار
پەیکەری ناودارەکان کەسمان ناناسنەوە و دەپرسن ئێوە پشتێنی کام پشتن
پێش بەرزکردنەوەی دەستی دوا ماڵئاواییان
برینەکانیان پاراو نەکراون
خۆیان لەبیرچووەتەوە و تەماشای باڵندەیەک دەکەن
بەسەر هێلکەی بەسەرچوودا کڕکەوتووە

ناوچەوانی درەوشاوەی دەبێتە دەشتاییەک کە خاوەنی کلیلەکانی دنیایە
باڵندەیەکی ونبوو دێتەوە ناوی و سەرگەردان نافڕن
لە گەرمایی باڵەکانیدا
بۆنی خۆشی درەختی کاژ و
گوڵدانی زەماوەند و
لە خەو هەستانی دوای هەڵگرتنەوەی گەزۆی خەون و

ڕۆژی هەستانەوە دڵیان بۆمان دەکەنەوە
دژی باڵەکان شەڕ ڕاناگەیەنین
فڕین سێبەرە بەسەر ڕێگاکانەوە و ئاواتت دەدا
گوڵەکان لە بەیانییەوە چاوەڕوانن ببیندرێن و هێڵەکان ڕوونتربن
بە تەنێ دەنکە هێلێک بشکێنە ناو چاپەست و ئاگری حەسرەتێکی کۆن خۆشکە
بە سەد هەزار زمان قسە دەکات
شەرابێکی دۆزیوەتەوە
دەیخاتە هەموو دڵێکەوە
دەرکەوتن دێت و دەبێتە خاوەنی ئاگری پاگژکراوە
ئومێد لە هێڵەکانی ئەمپەڕ و ئەوپەڕت دەڕژێنە ناویەک و لە بۆنی گوڵ ناترسی
مشتێک گەنم لەبن کووپەی ماڵ دەچێنیت
زانیت چی لە بیرخۆت ببەیتەوە
چیش بەبیر خۆت بهێنیتەوە
دوورییەک وەک سادەیی گوێت لێ دەگرێ
لەناو چاوترووکانەکان وەرتدەگرێ و دەتباتە ماڵێک

بەختەوەری تێدا نووستوون و بارانێک لە ئەستێرە ڕژاوەتە سندووقی ڕازیان
جانتاکەت لە شانت داگرە و کەلوپەلی پێویست جیابکەرەوە
دوودڵ بەسەر پرددا مەوەستە
تکا دەکەم پەلە بکە کاتژمێر بخوێنەوە و بپەڕەوە
کیژەکانمان کەزییان بە ئالای بە سێبەر و هەتاوی تۆوە دەنووسێنن
لە ئاواز و یەکەم تەزووی درەوشانەوەدا نقوومن
کەوان دەشکێن و تیر دەکەونە خوارێ
لەقلەقێک لە هەولێر هەڵدەفڕێ
دڵەڕاوکێی هەرگیز دوایی نایەت
زێد ناوکە لە سێوێکی ئاڵدا
وەک منداڵ گەورە دەبێ و شاخەکانیش بەرزن
کاتێک خەریکین تەماشا دەکەین

مردن بەلاماندا تێپەڕیبوو

**کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ هەولێر**

# بەها و هەڵەی پێشبینییەکان

## دۆخی یەکەم

# هەموو کەسەکان لە بوێریی ڕۆیشتندا ڕازن

حاجی لەقلەق بە تەواوی بوون مایەوە و هەنیسکی نائومێدی بەسەر هەولێردا هەڵدا
بارانیش کۆتری دەنیشێ و باڵ دەداتەوە
زەوی زمان بە لێوی دادەهێنێ و تەڕی دەکات
هەور دیکتاتۆر نییە
ئاسمان داگیردەکات بەڵام ساتی ئاخاوتنی ڕاستەقینەی دێ
دەست بە دەموچاوی دادەهێنێ و ڕقی خاودەبێتەوە
خۆی لەناودەبا و ئەو ئازاد و ڕێز نەشکاو
بە دەوری بانگی یەکەم و زەنگوڵە و گومەزدا دەخولێنێتەوە
خۆریش ئاوادەبێ پاش پێڵوو داخستن پەشیمان دەبێتەوە
ڕاسپاردەی دڵیم بەوپەڕی دڵەوە خوێندەوە
زوو هاتمەوە و دەموچاوی گڵۆپی ماڵم
پڕ دەمار و خوێن کرد و ورەم خستنەبەر
ماڵ بە پەرستگا و یەکەم شووشتنی پیرۆز دەزانم
خەوێکی ئارام دەڕژێنێتە چاومەوە

سوارێکی پاکیزە پارچە پارچە
کەلوو و ئاوازی هاوئاهەنگ و سێبووری هەڵدەدایە ناو دەستمان
لەبەر ماڵی تەورات و ئینجیل و قورئانی دەم بە وێرد و نەوای مندا
لە ئەسپە بەهرەمەند و بلیمەتەکەی دابەزی
ڕێگا ڕکەبەرکایەتی لەگەڵ نەکرد
ئارام و ڕۆشن وەک دەموچاوی دایکێک
تازە نۆبەرەکەیان لە تەنیشتی دانابێت
فرمێسک لە چاوی قاوەیی ڕژا و بە تۆڕی چلچرا سڕیم
بە هەویری ئاردی گەنم کردمە پەیکەر
لاولاو بە دەست و پێی هەڵچوو
بووە یادەوەریی هەڵۆی کۆچەر
کە دووکەڵ و بارووتی بۆردوومان بە چۆکیدا نەهێنا
چل پێغەمبەر بە چیچکانەوە لە دەوری دانیشتوون
حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بیریان کردەوە و مانەوە
دواتر ڕێی هاتنەوە ناو خۆیان لێ ون بوو

کێ کڵپە لە سەری هەڵسێ و بوێری ئەوەی هەبێت بێرەدا بڕوات
نەخشی خەواڵوویی دەشکێنێت و باوێشک نادا
ماڵ بە پەرستگا و یەکەم شووشتنی پیرۆز دەزانێ
خەوێکی ئارام دەڕژێنێتە چاویەوە

شەو و ڕۆژیش باڵی شەمێ فڕێ دەدەن و دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان
ڕازێک ماڵی ڕووناک کردووەتەوە
هەموو کەسەکان ڕازن لە یەکەم شوێن دەگەڕێنەوە

ئەستێرە هێلانەی لە ناولەپی ئاسمانە بە ڕۆژ بەتاڵی دەکات و بە شەویش دەگەڕێتەوە ناوی کە ڕۆژ بەتاڵی دەکات مەرگ هێرش دەهێنێتە ژوورێ لە دارەتەرم زیندانی دەکات ئەستێرە ئێمەیە من ئەوی دی ئەستێرەم و ئەوی دی شتێکی

کۆنـە ژیاوەتـەوە خۆراکـی سـەر سـینییەکەی هێشـتان تێکنەچـووە و کتێبـە کراوەکانـی دانەخـراون پەشـیمانیی جوانتریـن وشـەیە لـە زمـان ناسـیم شـیعریش یەکـەم خوێـن بـوو ئادەمـی لـێ لەدایـک بـوو هێمنیـی ماڵـی ئـەم نۆبـەرە تاهەتایییـەی پـێ زانـی و باڵنـدەی زمانبـەد دان لـە حەوشـەوبانی هەڵناگرێتـەوە و زریانـی ڕەشـیش لێـی نـادات سـەرەتای یەکـەم سـۆزی پـڕ ئـازار گەڕایـەوە بـۆ یەکـەم شـووراوی پیـرۆز شـووراوی پیـرۆز بـە دەنگێکـی پیـرۆز پێکەنـی و بـوو بـە ئاوریشـمی خـاوی ناوقۆزاخـە و بەسـەر خورپـەی ترسـناکدا زاڵبـوو قۆزاخـە ئـەو شـوێنەیە پێویسـتە بیزانیـت نـەک شـتی لەبـارەوە بڵێیـت نقوومبـوون لـە ڕازی یـاد و شـوێنەکان خۆشـبەختییەکی کورتخایەنـە لـە باروبوارێکـی تایبەتـی ژمـارە و ئـاوازدا وابزانـم ئـەوەی گوتوویەتـی ئـاواز هەڵـەی کـردووە ئـازار پێـش ئـاوازە شـوێن دڵۆپـە ئاوێـک بـوو هـات و دڵۆپـە ئاوێکیـش بـوو ڕۆیشـت جگـە لـە ڕازی یـادەکان هیـچ شـتێکی تـر لێـرە نییـە گێڕانـەوەی بـاس و خواسـی کۆشـکی کۆتایـی خولیایەکـی هەڵەیـە عـۆل عـۆل بـە پەیـژەی ئێسـکی کلۆربـوو سـەردەکەوێ و فریـای ئەسـتێرە بینیـن ناکەوێـت

یەکەکان لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا
یەک دابەش و جاران و کەم ناکرێ
خودا
خۆر
من
لەمەوبەدوا بازنەی یەکەکان داخران
بەرگەی سەیرکردنمان بگرن
بۆنی هەر کەسێک دەدەین
ئاو و گیای کەروێشکەکانی بیر نەچێ و چڵی ناو دەمی ڕەش نەبووبێت

چـاو ناپاکیـی لەگـەڵ زەمیـن نـاکات پێـش مـن خـودا و خـۆری لـێ بـوو بەخێرهاتنـی منیـان کـرد و گەنجینـە لـە دەسـتیان پـڕ بـوو ئێمـە هەرسـێکمان گەیشـتین بـە هەمـوو شـت و کەسـێک کەچـی هـەر تەنیایـن و دەمانـەوێ زمانـی ئـەو منداڵانـە فێربیـن داوا دەکـەن لەدایـک بـن ڕنۆکـی درنـدە ڕوان و ئـەوان هـەر خواردنـی ناوکـی دایکیـان

دەخــوارد و لەنــاو زگــی دایکیــان ســەرگەردان نیــن و ئــەو شــوێنە دەناســن کــە بــۆی دێــن  هەمــوو شــتێکیش جــوان مایــەوە  دەســتی هەمــوو جــوان ماوەیەکمــان گوشــی لــە چاوەڕوانــی ڕوانــەوەی لاســکە گــوڵ لەنــاو لاپەڕەکانــی کتێــب ماوینــەوە  ســێبەر کەوتــە ســەر بۆشــاییەکان  بۆشــاییەکان پــڕ مرۆڤــن  مــرۆڤ دابارێــن و ســەرزەوییان داپۆشــی و بەیاننامــەی درۆزنانەیــان ڕاگەیانــد  حەزدەکــەم هیــچ کەســێک لــە هیــچ شــوێنێک چاوەڕوانــم نــەکات

# دیمەنێك لە شاری بۆشاییيە سپییەكان

لە شۆستەیەکی خلیسک بەسەر سێبەری خۆمدا پازم دا
زوقمم لەسەر گوڵ لادا و پەڕەمووچێکم لە باڵندە بە ئامانەت وەرگرت
دوو وێنەم پێکێشا
شمشێر و شمشاڵ
میوەیەکم دوولەت کرد
لەتێکم لە نزیک وێنەی شمشێر دانا
ئەویدیش لە نزیک شمشاڵ
توانیم ژمارە و ناوی هەموو کەلوپەلەکانی مۆزەخانە
لەسەر لەتی نزیک شمشاڵەکەدا بنووسم و بە ئامانەت داینێم
ڕێبوار ناتوانێ سکاڵا بکات
ڕێگا بریتییە لە خۆت
زەویش خەوی لێ تێک نەچووە
گوێی لە پەلەقاژەی ماسیی ناو تۆڕە
دڵ و هەستەکانی تێکەڵ دەبن

ڕەنگەکانی کۆبووەوەی ناو پەڕەمووچ بەختەوەرانە پێشوازی لە تابلۆی دەروازەی

شـاری بۆشـاییە سـپییەکان دەکـەن و درووەدی داگیرسـاو کڕنـۆش بـۆ مـەی و مەیفـرۆش و مەیگێـڕ دەبـا خـۆی دەدرکێنێـت چـۆن بەسـەر سـێبەری خۆیـدا پـازی دا و تەماشـای دەموچـاوی نیـوە مـردووی ماسـی کـرد و هـاواری کـرد تاوێـک هـەر تاوێـک چاوەڕوانبـە بەڕێـوەم بـۆ قوربانـی و هەناسـە ساردەکانت هەڵدەمـژم ماسـی یازدەمیـن نـەوەی مـن دەبێـت و نـاوی منیـش هەڵدەگرێتـەوە بـێ هـۆ نییـە گوڵەسـتێرە دەڕژێ و شـتێک پێشکێشـی هیـواکان دەکات و بـەر لـە ئاگرکەوتنـەوە دەگـرێ

# لە هێزی درەوشانەوەدا

پیاوە زەنگوڵ جووڵێنەکەی ڕایەڵی وشە و شۆڕش
کە کیشوەرێکی تری پێ نەدۆزرایەوە
دوا قسەی بۆ کۆڵۆمبس کرد و بە دەرزیلە و سنجاقی دایکی
هێمنانە خوێنی خۆی ڕشتە کاسەی دڵخۆشییەوە
ئێمە ڕەنگی دڵیمان بینی
توانیمان لەبارەی تووڕەیی چیاکان و ڕەنگی ئەشق قسە بکەین

زەوی جلی خۆی لەبەرکردەوە
بە کورسییە بەتاڵەکەی هەڵیواسی
شەکر و خوێی لەئاودا تواندەوە
قوڕی پێ خوساند
کوورەی داگیرساند
خشت بڕا
پێستی خاک بۆ بناغە لادرا
شار گەورە بوو
یەکەمین ئاهەنگ گێڕدرا و یەکەم جەنگ کوژایەوە

پەلکەزێڕینە کە لەئاسماندا ون دەبێت
سلاّوی هەموو جەربەزەیەکی سەندووەتەوە
ڕوخساری هەیە و دێتە ناو ڕیشاڵی ڕۆحت
ڕەنگی دڵی بینیوە و ڕەنگی ئەشق دەناسێت
پەنجەرەیەکی بەتاڵ لە سینگی دیواردا ئاسۆ و سنوورە
هەناسەی سازگاری خۆر تێیدا دێتە ناو جۆش و کوڵی کاروانەکان
کەسیشی تێدا بانگی دەرەوە ناکات
لە هێزی درەوشانەوەیدا دەردەکەوێت
هاوڕێی پاراو ئەگەر جەردە و چۆرتەمان لەبۆسەدا بینی
مەشق بە چاومان دەکەین و گۆرانی لە لێوی شار جێدەهێڵین

شار لە خەوێکی ئارامدا هەناسەدەدا
درەختی بە پەڕوباڵ بیرنەچوونەوەی شاری
قووڵایی دەریایان پێ سپێردراوە
کازێوەی سپێدە
زەردەپەڕی ئێوارە
کاتن
کات بیری شوێن دەکات و بۆنە خۆشەکانی لێ پەرت دەبێ
شەقام مۆر نەکراوە
دڵ مۆڵەت دەدا و بۆت دەکرێ جارێکی تر
بەسەریدا بچیتە شەڕی دەرزیلە و سنجاق
مووروویەکی تریش بکەیت بە نقێمی ئەنگوستیلەی قەدەغەکراو
هێڵەکانی ناو دەفتەری گەورەش بژمێری
هێلانە لەترووکان هەناسەدەدا
شەوانی ڕەمەزانی هەولێر داوادەکات
قۆڵ لە قۆڵی شکۆی بێ پەروایی هەڵکێشی
ئەو خەونە ببینێ کە گرینگ و زۆر پێویستە
کازێوەی سپێدە

زەردەپەڕی ئێوارە
ئەو داوایە ئاسایی دەبینن و پرسیارەکانی باوانمان دووبارە دەبنەوە
دەمامکی پاشایەکانیش وەک خۆری نیوە ئاوابوو ڕەنگاوڕەنگن

پاشایەکان دەموچاویان پڕە لە ترسناکی و تۆقین پڕ دەدەنە تفەنگ و میل دەهێننەوە پەنجە لەسەر پەلاپیتکە دەجوولێنن تەقە لە ڕووناکییەکی تووڕە دەکەن و برسییەتی دەخەنە ناو تۆڕەوە بە هەناسەبڕکێوە لە بەرزاییەکەوە داوەکە ڕادەکێشن و دەمانخنکێنن دڕکی پەنجەکانیشمان دەرناهێنن کەسەکەمان لە نێوان دووانماندا سێوێکی لەت نەکرد و وەفایەک نەمایەوە بەسەر هەورەگرمە دابەشی کردین خوێنی وشەی ڕشت ڕووناکییە تووڕەکە خوێنەکەی بۆ کۆ نەکرایەوە و سەروبۆری وشەکانمان کەوتن مانامان لێ تێکچوو ناوی دڵبەرەکانی خۆمان بۆ نەخوێندرایەوە خوێنی وشەکان هەمووی درەوشانەوەی ڕووناکییە تووڕەکەبوو ڕووناکییە تووڕەکە دەستی خستە سەر دڵمان و بۆ ماڵئاوایی هاتبوو ئەو جامە ژەهرەی بۆمان ڕاگیرابوو دەستێکی لێدا و قڵپی کردەوە ئاوی پاراوی تا ناو گۆزەمان هێنا شوێنی خۆی نەگۆڕی و دوا دیمەنی بوو دەستی خۆی ڕاخستووە تا مرۆڤ بەسەریدا بێتەوە ماڵەوە پردی پاشاکان کەوت شەقام بانگی هەموو یادگارییەکانمان دەکات

# لە بۆسەی خدری زیندەدا

برین جۆشاون و گوێڕایەڵی یەکترن
درەختێکی ڕووت لە دوور
دووریيەکی سەیر دوور و ساکار
ئەوپەڕی دنیا تێیدا خۆی دەناسێتەوە
گوێی لە تەوقەی گەرمی ئەو کتێبەیە
لەبارەی ناودارانەوە نووسیومە

دەڵێت ئەوانە ڕۆژنامەی ئێوارانن
ڕۆژنامەفرۆشی گەڕۆک
بردوونی بۆ بازاڕ وسندووقی پۆستە و شوێنە گشتییەکان
یان گیانی بەرزبووەوەن
بە ڕێگای سرووشەوە براون بۆ دڵگۆیی و چاندنەوە
بەیانی دێنەوە هۆش و پشیلەی سەر بەز لەوێ نامێنن
وێنەکانی ڕۆحت لێی پێکهاتوون و تەزوون
لە چوارچێوەی سۆزی دیدار و خرۆشی

جەزبەی دەگرێ
لە شەقامە سەرەکییەکان هەڵیدەواسێ و دەڵێت ورد سەرنجدەن
پێشبینی خەندەیەک دەکا و لە شەڕ دایە لەگەڵ مەحاڵ
بەم شێوەیە هەموو شەوێک هەمان شت دووبارە دەبێتەوە
سبەی دەستوڕست بۆ کوشتنی خدری زیندە لە بۆسە دادەنیشم
بەڵکو بۆم بکرێت بیکوژم و دۆنایدۆنی بم
زمانی بۆگەنکردووی باڵندەی بەدیش فڕێدەمە جیهانە سادەکان

جیهانە سادەکان ئێمەیان بەپێوە خەواند و جێ بەخۆ ناگرین سەکۆی سەما کەسی لێ نەما ئەو ڕۆشناییەی لە ڕوخساری ئێمەوە چووە سەر سەکۆ پرسیار بوو بەناو سووڕی ڕۆژەکانمان جووڵا شانەکانی هەنگوین بە هێمنی خۆیان پڕ دەبن لەمەوبەدوا بکوژی خدری زیندە بەنهێنی لەگەڵمان نادوێ و بەسەر پشتی نەهەنگەکان ڕەتمان دەکات خۆرێکی جوانەمەرگین لە جۆگەلەیەکی پڕدا بە زەمین ئاشنادەبینەوە لە دۆنایدۆندا خوێنی زیندووبوونەوە پاشەکەوت دەکەین دوای ئەمە چی ڕوودەدا کەڵەبابی دڵخۆش ئەشقی دەپارێزێ و چێژ لە دەنگی خۆی دەکات داهاتوو دەبێ بە هی ئەو

# ئاوم بەخۆڵدا کرد و بۆنی خودا خۆش بوو

هەور لە شوێنی دروستبوونی خۆی
ناسرا و بەسەر کێڵگەی لێوبەباردا تێپەڕی
بەهانەی سووتانی بۆ هێناین و بۆنی خۆڵەمێشی تەڕی کردین
گوڵدانی پڕی بەر پەنجەرە فێنکایی بۆ هات
گفتی بە ڕازی ژیان دا
پێستی ناونیشان بەسەر گۆشت و ئێسکم کشا
خەندەی دیدار و ئاخاوتنی باڵندە ڕسکان
خونچە بۆ گوڵبوون چەند کراسی دڕاندووە

**١-** زێـــوان **١٩٨٨** داوەتمـــان دەکات بـــۆ قووڵایـــی ناولـــەپ و بەرزکردنـــەوەی گـــۆزەی بێدەنگـــی
**٢-** ڕووەکەکانـی خوداوەنـد **١٩٩٩** داوەتمـان دەکات بـۆ قووڵایـی ناولـەپ و بەرزکردنـەوەی گـــۆزەی بێدەنگی
**٣-** خـەون وا خـۆی گێڕایـەوە **٢٠٠٤** داوەتمـان دەکات بۆ قووڵایی ناولـەپ و بەرزکردنەوەی گـۆزەی بێدەنگی
**٤-** شـەڕی چـل سـاڵە **٢٠٠٥** داوەتمـان دەکات بـۆ قووڵایـی ناولـەپ و بەرزکردنـەوەی گـۆزەی بێدەنگـی
**٥-** مردوویـەک ئـاگای لـە هەمووانـە **٢٠٠٨** داوەتمـان دەکات بـۆ قووڵایـی ناولـەپ و بەرزکردنـەوەی گـۆزەی بێدەنگـی
**٦-** سـەد و یەکشـەوە **٢٠٠٨** داوەتمـان دەکات بـۆ قووڵایـی ناولـەپ و بەرزکردنـەوەی گـۆزەی بێدەنگـی
**٧-** سـاڵی سـفر **٢٠١٠** داوەتمـان دەکات بـۆ قووڵایـی ناولـەپ و بەرزکردنـەوەی گـۆزەی بێدەنگـی
**٨-** سـروودی زەوی **٢٠١٢** داوەتمـان دەکات بـۆ قووڵایـی ناولـەپ و بەرزکردنـەوەی گـۆزەی بێدەنگـی
**٩-** حەزدەکـەم ئەوەنـدە بژیـم **٢٠١٥** داوەتمـان دەکات بـۆ قووڵایی ناولـەپ و بەرزکردنەوەی گـۆزەی بێدەنگی
**١٠-** دواکەوتـن لـە کەشـتیی نـووح **٢٠١٨** داوەتمـان دەکات بـۆ قووڵایـی ناولـەپ و بەرزکردنـەوەی گـۆزەی بێدەنگـی

براکانی ناخ دڵم سوار نییە و بەشدارم لە خوانی خودا و زیندانی واڵا
ئاوم بەخۆڵدا کرد و نیگا سەختەکانم
بیرنەچووەتەوە و دیمەنەکان دەلاوێنمەوە

بە هەڵەش حەزم لە ژیان نەکردووە پرسیویشمە ئادەم یان حەوا نۆبەر و دڵڕاتەکێنی زەوین
پەیدابوونی ناو دوێنێ بوو گەلێک تەلیسماوی نییە
ناو لە شوێنی لەدایکبوونی دەناسرێ
حەوای ڕوومەت حەفت ڕەنگ
هێز لە ئەژنۆت کۆکەرەوە و ڕاکە
تەنیایی بوومەلەرزەی خستە
هێلانەی حاجی لەقلەقەکەی بەر لەوەی بمرێ
دەست ڕەنگاوڕەنگەکان مرداندیان
تا ڕادەی پەرجوو تەماشام کرد

ئاسمان لەو کاتەدا سەرتاپای شین بوو
توندتر ڕاکە نواڵە
ژیان لەچاوەڕوانیدا چەند کراسی دڕاندووە
لەپڕ پەنجەرەیەک داخرا
خەیاڵ سۆمای نابینابوو
نەبووە ئاوێنەیەک خاڵی ناخی تێدا گەورە بکەمەوە
جاڵجاڵۆکەشم بینین
کراس بۆ پەرییان دەچنن و پرچیان ڕست دەکەن
هەموو بەهانەکان بۆ ئەمەن ڕۆن بەسێرکدا بڕێژن و گا بخلیسکێ
زەوی بەئاسانی پەشیمان بووەوە
لە یاقووتە شینەکانی ڕژاندوویەتی
لە دوورییەکی ئارامدا ماومەتەوە
بۆنی خۆشی جەنگاوەرێکی بێ ئاگر و ئاسن لە بەرەیەکی نەرمدا دەپەیڤێ

پەیڤی و ژیان ئەشکەنجەی دابوو سەرنشینەکان لەپێش چاوی من سەرکەوتن و کەشتییەکە ڕۆیشت تا بەهەشت گەیاندم دڕکی لێ نەبوو بە پێخواسی بە ژێر گڵۆپی کەسک و سوور و قوللە و سەنگەردا پیاسەمان کرد دانیشتین و

خوانمـان داخسـت و پێچایـەوە  پشـت لـە هەڵـەکان کـرا  ئـەوەی ئـاوی چـۆڕاوی داخ بـوو پەیکـەری هەڵبژێـردراوان لەنـاو باخچـەی بەهەشـت هەبـوو  پەیکـەری مێـژوو بـۆ نووسـراوەکان کـە جلـی ڕەنگاوڕەنگـی دزراو لـە نێرگـزی تەمەندرێژیـان لەبـەرە  درێـژە بـە ژیـان نـادەم ئـەو ژیانـەی سـەری ئەشـکەنجەی دانـا  ژیـان ئەشـکەنجە دەپاڵێویـت و هیـوای نزیـک لەدڵـدا هەڵدەگرێـت  کەشـتییەک بـە کـرێ دەگـرم گەشـت لـە ڕووبـاری تـەورات و ئینجیـل و قورئـان و شـیر و شـەراب و هەنگوینـدا نائومێـدی دەکوژێـت

# ئەسپی باڵ داستان و ئەفسانە گەیشت

بە هەزار دڵ دەچمە ژوان و دیدەنی
مانگ لە ژوان و دیدەنی نارێکی زەوی شەرم دایگیرساند
بۆنی باوەش تووشی هەڵامەتی کرد
چنگ لەسەر دڵم هەڵگرە و لە کۆڕی یاران
دوورکەوە ئەی پەتای حەفت دەمار
دەستی پەرۆشی و تاسەکردن لەبەردەرگای ماڵئاوایی
ئەلبوومە داخراوەکان دەکاتەوە و پەڕەکانی زۆرنین
خەونێک شەوی کورت کردم و بە دڵخۆشی خەبەری کردمەوە
مرۆڤ بەیانییان وەک ئاو دەجووڵێ
شەقاری پاشماوەی برووسکێک دەمی گەیشتە پەنجەی پێم
ئەسپی باڵ داستان و ئەفسانە چوار ناڵەی دا
چوومە خەونی تایبەتیی نووسینەوە
گوناهی زەویم سڕییەوە و ناوچەوانیشیم ماچکرد
خەو تازە چاوی زەوی گەرم کردووە
ئای لە خودی خەون دڵنیام
ئەشقی گەرمە و ڕووباری بەستوو دەکاتەوە

ئەی زەوی کۆترە پەیامبەرەکانت لەسەر شانی من دان بدە
بۆ شوێنێکی نەزاندراو نافڕن
ئەستێرە لەسەر شانی من ڕەنگیان ناگۆڕێ و نابن بە بەردی شەڕ

لەنـاو تەپوتـۆزی تەڵـخ و ئاسـۆیەکی زەردا پێـم لـە بـەردی شـەڕ گیربـوو بەلاداهاتـم و نەکەوتـم کـردم بـە بەردەکێلـی خوێنـڕژاوان ئەسـپی نامـرادەکان بـەردی شـەڕیان جێهێشـت نەچوونـە سـەر کانییەکـی سـازگار دوور ڕۆیشـتن چوونـە سـەر دەریـا ئـاوی سـوێر بخۆنـەوە لەسـەر شۆسـتەی شـەقامێکی چـۆڵ دانیشـتبووم وەک بـای سـبەینان بەسـەر ئـەو نـاوەدا کشـان لـە لەخۆبوردوویـی و خاکیبوونـی خۆیانـەوە دەبنـە مانـای ژیانمـان گوڵـی سـوورم بـە دەسـتەوەیە و چاوەڕوانـم چـرای ناوچەوانیـان داگیرسـێنم ئـەوان قسـەبکەن و منیـش گوێیـان لـێ بگـرم و تـا قووڵایـی نـاخ بـە داخ و زووخاوێکـی زۆرەوە دەتلێمـەوە باڵندەیەکیـش لـە تەنکایـی زەردەپـەڕدا بانگـم دەکات و دەڵێـت لەنـاو تەپوتـۆزی تەڵـخ و ئاسـۆی زەردا وەرە دەرێ ئـەوەش ببینـە پیاوێکـی کاسـە چـەور چەتری هەڵـداوە و لەبـەر بارانـە خۆشـی لـەوە دڵنیاکـردووە تەڕنابێـت ناشـزانێ باڵنـدە کـەی کۆچدەکـەن و بەچکـە پەڕەسـێلکەش چەنـد ڕۆژ لێویـان زەردە و ئـەو تفـرە لـە ساردی یـان لـە گەرمـی فڕێـدەدەن

# دایەگەورە نیشانەی سەرسووڕمان بەرانبەر جەرگی خۆی دادەنێ

ئەو ژنەی خۆی دەکاتە بەرات و قوربانی و شیر دەداتە کۆرپەکەی
ئەمەک و گۆرانی حەفت ڕێ چاوساغی دەکەن
بۆنی لەناو ئاگری ماڵدا چەک لە دەستی دیکتاتۆر
دەکەوێنێت و مۆمی سەر گەنجینەیە
خۆڵەمێشی دوای سووتان نییە

کەوتە قەڵای خودەوە
کە لە ڕەنگێک زیاترە و پاراوی بۆ چاو دەگەڕێنێتەوە
خێوی ناقۆڵا
شەوە
دایکی ئاڵ
دڵەڕاوکێی سەرەتا و کۆتاییەکان
دەستیان بەست و کردیانەوە
بەبیری هاتەوە ڕەنگە من کوردستانی بم
کە پێی دەڵێم دایەگەورە
بە چاوەڕوانی ئەو خەوم لێکەوتووە و چارەی دڵم دەدۆزمەوە
کوردستان گەدەی بەتاڵە و بە مەلوولی بەسەر ناوی خۆیدا دێتەوە

چووە ناوەندی ئاسۆ و تەماشای دەریای کرد
نەیتوانی چارۆکەی بەلەمەکەی هەڵدات
پەنای بۆ دانبەخۆداگرتن برد
هێلکەی پرسیارێکی خستە هێلانەی تroوکاندنەوە
خواردنم خواردنێکی مەمرەومەژی
یادەوەریی ساردبووەوە گەرم نەبووە و گەشەی نەکرد
بەدوای تەنیاییدا سەرم باڵندەی
حەفت ئاسمانە و بە نۆژەنکردنەوەی چینەکان خەریکە
ئەرێ ئەو هەورەی بە سێیانەی

بەفر و
باران و
تەزرە دووگیانی
سۆراغی تەنیایی لە کێ دەکرێ
بەهێزترین کەس لە هەموو کەس تەنیاترە
پەپوولە پایزە سێبەری خامۆشانی
بەدوات غاردەم دەتگرم
هەڵنەوەرێی هەڵبووەرێی
بە کراسی یووسفەوە دەنووسێیت و ڕەنگت دەگۆڕێ

تەنیایی وای کرد لە جێگایەکی دابڕاو لە شار کە ڕووناک و پڕ گەرمییە چاوەڕوانی نەوەی بەهەشت و جنۆکە بکەم لەسەر سەکۆیەکی بە بەردی بە نرخ بەرزکرایەوە کە لە شاری گۆرانیبێژە بەناوبانگەکان دەچێت حەوت بەرزایی هەیە هێز و ئازاییم پێدەدات زەوییە شۆرەکاتەکان دابڕم و بەرەو ئەو دەستانەی بگەڕێنمەوە دژی درەختی مووتوربەکراو بەحەوتبەر بەرزکراونەتەوە درکی بێ ئابڕوو دەتوانێت ناوچەوانی شاعیرێک برینداربکات دوو دڵۆپ خوێن بکەوێتە سەر دەموچاوی زەوییە شۆرەکاتەکان خوێنی گەرم لەکە نییە ئەشق و تکای ئاشتی دڵە ئاشتیی دڵ لە زەوی شۆرەکات گەورەترە وڵاتی تێدا دروستدەکرێ ڕووبارێک لەسەر شووشەی

پەنجــەرە شــەپۆلدەدا و تووڕەیــی کوشــتووە

# ئاهەنگێکی تەواو نەبیندراو

ئەمڕۆ ئاهەنگی لەدایکبوونی منداڵێکی گەڕەکمان بوو
هەویر و فڵچەی ددانم بۆ برد
مۆمێکم ڕفاند و هەڵاتم
چوومە سەر کورسییەکی حەسیر و مێزێکی بازنەیی
بە ناوەندی جیهانم زانی
ناوەندی جیهان هەقیقەتە
دەموچاوی یەکپارچە نەبووەتە گرژی و دەماری نارەزایی
دەشمەوێ لە شەرم و شانازیی ئەو ئەستێرە دوورە بگەم
تەنیا پڕشنگی دەگاتە ئێمە
هەستەکانی خۆم خولقاند و سروودی ئایینیی مرۆڤایەتیم گوت
مۆم نەبووە ڕۆژ
تووڕەیی نەبووە واقوڕمان
باوێشک نەبووە نازی ئەستێرەی گەڕۆک
تەقەی دەرگا نەبووە ئاواز
هاژەی ڕووبار دەنگی زاڵی سروشتە
پەڕینەوە لە ڕووبار قەدەغە نییە
نەشمتوانی چی بە مەلەوانی و باڵوەشاندن بڵێم
لارەملی تەمەن و چەقۆی ڕێگران
گەرمایی ئەستێرەیان لێم دوور نەخستەوە

ئەی ترووسکایی لەخەو هەستاو و ئاهەنگی تەواو نەبیندراو
مایەوە تەماشای دۆڵی ڕۆچوو بە ناوچەوانی زەوی بکەم
تکادەکەم لەخەونەکەم بمێنەوە چرای بادە
زەویش تەخت نییە هاوشێوەی مرۆڤە
بە خەیاڵ ناسین ئاشق خومار و بەختەوەر دەکات
خەیاڵ بە ویست و زانینەوە داهێنەری بوێریی لێدانی دڵە
هەر دەڵێی بەردێکی دەستی گەورەترین گوڵی پشکووتووم
هەڵدەدرێمە قووڵایی لێدانی دڵەوە

ئاوی شێتی ڕژا و دڵ لە حەکایەتی جوانییەوە لێی دا شنەی بەرەبەیان بیرەوەرییەتی و نایەوێ بە مردوویی بژی بێ ئەندازە گەورەیە و ڕاکردوو نییە لە خۆی ئەو خۆرەی سبەی هەڵدێ دەمانداتێ ستایش بۆ خودا کە لە لەدایکبوونمان دەدرەوشێتەوە نزایەکی پێشنوێژ خۆڵی خۆتم بمبەرەوە ناولەپی خۆت و ئاهەنگی ناشتن بگێڕن پرسیارێکی دوای نزای پێشنوێژ ئایا لە بەهەشت نوێژ و دوعا دەکرێن یان کێ خاوەنی بەهەشتە ئەی ئەوانەی دەچنە ناوی وەک مێوان بەخۆڕایی تێیدا دەمێننەوە و شمشاڵ داوێنە سەر جامی پڕ شیر هەنگ دەچنە ناوی لە کونەکانی دێنە دەرێ و بە باڵی تەڕ دەفڕن ئاوی شێتی کە ڕژا پاش مانەوەی بە ماوەیەکی کورت ڕەنگی وەک چا زەرد بوو لە ئاوێنەیەکدا نقووم بووم و خنکام خۆشاوی بادەی پیاوچاکانم گەیشتە دەست لێدانی دڵ تاریکە وەک خانەی فەرهەنگ و شارەکانی جیهان سەیرە خانەی فەرهەنگ و شارەکانی جیهان تاریکە و بەرێکەوت ئایندەش هەیە لێدانی دڵ ڕووناکە وەک خانەی فەرهەنگ و شارەکانی جیهان سەیرە خانەی فەرهەنگ و شارەکانی جیهان ڕووناکە و بەرێکەوت ئایندەش هەیە پێشبینییەکی بەرلەدایکبوون

# ڕەگ لە دەم جۆگەی وشك هەناسەنادات

شەختە پێڵووی چاوی ئاوە و وەک چاو بێگەرد نییە
ڕووەکە خۆڕسکەکانیش
لەناو بەردە ڕەش و قاوەیی و سپییەکانەوە دەردەکەون
چێژ لە بەردەکان وەردەگرن و بەڕەنگی خۆیان هەنگاودەنێن
خودی خۆیانن و بەخۆیان وەرزی ساڵ هەڵدەبژێرن
ناوێکیان بۆ گەشەکردن هەیە
نازاندرێ بۆ ئاشکرای ناکەن
نیگاکانم دەنێرمە شوێنێک کە پەڕۆی ڕەش بە سەرچاوی نەکشاوە
سەیری ناوە ئاشکرانەکراوەکە دەکەم
لەو شوێنەی هەمووومان هەناسەمان گەرمە
ناوی یەکتری دەهێنین و خۆشاوی درەختی ئامۆژگاری دەخۆینەوە
بۆنی کەتانی تەڕیش دەکەین
ژیان لەوەش زیاتر بڕدەکات
شاعیری شێوە ئاو و ناو و تەقاندنەوەی تەڵەی بۆسەکان
ڕوومەتت لەسەر دەستت دانێ و زەین بدەرە شەڕی دەستنووسەکان
زەوی لە هەموو ڕەگێک تێدەگات و دوا وشەیان لێوەردەگرێت

شەڕی دەستنووسەکان ئەم زەمینە ڕووخەونینەی کردە کوورەیەکی تووڕە و هەڵچوو نەمتوانی چاو لەسەر هێرشی ئاگرەکان هەڵگرم لەگەڵ ئەم دووکەڵە و تەنگەتاوکردنەش خانمی ماڵ پلیتی فانۆسەکەمانی بەڕێکی بڕی دووکەڵی نەکرد چڵکی بن نینۆکەکانم فڕێدا و بەناو ئاگردا ڕۆیشتمە مێرگێکی پاراو قەیتانی پێڵاوەکانم نەسووتان تەماشای چێڵێکم کرد گیای تایبەتی دەخوارد تا شیرەکەی دوودڵی تێ نەئاڵێ و ئاسوودە و دڵشاد بڕژێتە دەمارەکانەوە دەبێ زەمین بخرۆشێ و ببێتەوە منداڵێکی شیرەخۆرە جلوبەرگی لە ڕووناکییەکی سوورپۆش بۆ بدروویین خێرا چاوەکانی بکاتەوە بەهۆی پانتاییەکی پڕەوە بگەشێتەوە و بەهێز بمێنێتەوە

**مایسی ٢٠١٨ هەولێر**

# دۆخی دووەم

## لەدایکبوون و مردن

لە سەدەی بیست چاوم لە لاسکە ماندووەکان ئاڵا و سەرکەوت
لە سەدەی بیست و یەکدا
چاوی ئاڵاوم لە لاسکە ماندووەکان دەکەوێت
هەردوو سەدە لەو خرۆش و خولیایەی لە منیان ڕسکاند
کرمی ئاوریشم لەناو لەپیان کەوتە گڕوگاڵ
سەیر زۆر سەیر تەماشای ئاگری ناو شووشەی لامپای کرد
ئاوریشم بەشە میراتی منە
بەشە میراتی خۆم دەپارێزم و ڕۆژگار دەیهێڵێتەوە
لە زۆر بۆنەدا سینیی کێکی بەدیۆمم
قڵپ کردووەتەوە و پەنجەرەی مۆنم شکاندووە
دەرگای خەزنەم بە گەرمایی پەنجە کردووەتەوە
لەناو بەلەمی ڕاوچییەکان
چرام داگیرساندووە و لە حیکمەتی چارەنووسم پرسیوە
پەپوولەم ئاشق کردووە و تەمومژی سەر ئاویشم لاداوە
تووڕەیی تێکەڵی بەزەیی نابێت

با شوێنی هەیە لێی هەڵبکات
خۆشی لە لووتکەی درۆزن لادا

لە بیریشی ناچێتەوە بۆچی هەڵیکردووە و لە چیشدا دەبێتە سروە
سروە باڵ دەجووڵێنێتەوە
لەڕۆژێکدا کە خۆرەکەی زۆر ڕۆشنە ڕووەک زوو پێدەگەیەنێ
بە بزەیەکی ئاشنا خەڵاتم کە و دەستبەردارم مەبە ئاوریشم ڕوێن
لەدایکبوون پەڕەمووچی کۆترەکانی بڵاوکردمەوە و بۆم کۆ نەکرایەوە
مردن فریام کەوت و بۆ لای هیچ شتێک نەگەڕامەوە
ئاگری کەس لە ئاگری کەسدا ون نەبوو
کەسیش بە ئاگری کەس نەسووتا
لەبەر پەنجەرەی یەکیش تێپەڕین و خۆشحاڵین بە سەمای زەماوەند
سەیر زۆر سەیر تەماشای ئاگری ناو شووشەی لامپا دەکەین

# ئەوسا و ئێستا

سروشت هەموو پرسیارەکانی
ئێستا و ئەوسای کردووە و بۆ هەموو شت سەرەتایە
خەیاڵ سەرەتای خۆی دەدوێنێ و هانا بۆ شکۆی خۆی دەبا
پەپوولە ئاگری ڕاونا و کەوتە بۆسەی و کوشتی
گەرمایی لە دڵی جریوەی دەهات
بە ئاوی حیکمەت درەختی سێبووری گۆش کرا

ئاو ڕێڕەو دەگۆڕێ
بەڵام بیر ناگۆڕێ
لە دەرەوەی باخەکانی بەهەشت میوەکان ناسیمیانەوە
باڵ لە گەرمیی پێگەیینی میوە کرانەوە و بە خوداوەندەکان ئاشنابووم
لەخۆشییاندا سوورهەڵگەڕام
خوداوەندەکان مژدەن و دێنە لام و باسی
وەفای دەریام بۆ دەکەن
میهرەبانانە سەوڵ دەکاتە دەستی منداڵێکی تازە لەدایکبوو
کاتێکیش جێمدەهێڵن بەسەرمدا زاڵدەبن و بیریان دەکەم
پرسیارەکانی ئێستا و ئەوسا لەبارەی ئەو شتانەی
دەتوانم هەمبێت دووبارە دەکەمەوە

بۆ هەموو شت سەرەتام
سەرەتا پێویستی بەوەیە
هەموو ڕەگەکان لە شوێنپێی
جوانی و لێبووردن بچێنێت و شتەکان دەست پێدەکەن
گوڵاو دێ تایبەتمەندترین نهێنیی گوڵ دەدرکێنێت
زەوی لە پەردەی ڕاز دێتە دەرێ
ڕازاندنەوەی خۆی دەداتە دەست هەموو ڕەنگەکان
گوڵ سەرسپاردەی گوڵاوە

# وەچە و بنەچە

شوێنپێی ئەمەکی ڕێگا نادیارەکانن
جەللادیش دەیەوێ ئاسمان خامۆش بێت
چۆلەکەکانم لەناو ڕەشەبادا بەڕەڵلا نەکرد
دوورکەوتمەوە و هەڵمدان
بەشە مێوژی خۆم لەقەرتاڵەدا هەڵگرت
هەنجیر و گوێز و باویم داتەکاند و چوومەوە یاریی گومبەتانێ
بەرانبەر چیا وەستام و بزمارەکانی کەشتیی نائومێدانم توندکردەوە
بە پەرۆشم خودا بۆ داوەتی ماڵی خۆی بانگم بکات
پۆلە چۆلەکەکەی هەڵمدابوون بۆ ئەوەی خۆیان پێشانی برووسک دەن
لەگەڵم بنیشنەوە و دەنووک لە زایەڵەی سینگی
قەڵا بدەن و گۆرانییەک لە لێوی جێبهێڵن
ئاوی تۆفان و لافاو لەبەر دەستماندا مردن
شارمان لاواندەوە و وەچە و بنەچەی ئاگرمان ژمارد
کەمی نەکردبوو
شەقامەکان لەبن پێی ڕێبواران گڕوگاڵیان بوو
ئەسپ و پاڵەوان و پەیکەرەکان پیرۆزەی دوو چاوی تێرخەو دەبەخشن
هەردوو تای تەرازوویان مەل لەناوی مەشقی غاردان و باڵ دەکات

# باوەڕ و گومان

هەستە تووڕەکان قولابیان لە ئاو
کێشایەوە و باوەشم لە خودا وەرێنا
باوەڕ و گومان باوەشیان پێدا کردم و خۆیان نەدرکاند
دڵوپ و دڵۆپ کەوتنە ناو کاسە و کەوچکمانەوە
هەراسان و بێزاربووم
لە قسەی دووبارە لەبارەی ڕێنوێنییەکان
لە ئومێدی ئەوان هیچم بۆ نەگوازرایەوە
ڕووبەڕووبوونەوەی خۆدرکاندنم هەڵبژارد
گردۆڵکە و چیاکان سوور هەڵگەڕان
لەناو دەستە بەهێزەکانی تەفرەدان
خۆم ڕاپسکاند و بوومە ترپە و ئاوازی نووسین
بەناو دارستانێکی گەورەدا ڕۆیشتم یانی جێگایەکی نەناسراو
درەختەکان بەدوامدا هاتن
دایکێکی ئەفسانەییم ناسی
کەروێشک لەگەڵی دەڕۆن بەری درەختەکان کۆدەکەنەوە
هەندێک نیشانەی ئاگریان دروست کرد
بەرەو گردۆڵکە و چیا سوور هەڵگەڕاوەکان بەرزبوونەوە

دەبێ تەماشا بکەین
خوێن سەر دەکات و فرمێسک خوڕەی دێ
کاروان دوانەکەوت و گەیشت
هێمای کلیل و کلیلسازی لەسەر تاج چنی و ئاسۆیەک پێکهات
بۆ فەرمان و بەرفەرمانی ئەوە بکە و ئەوە مەکە
زمانی کوردییان پێبەخشیم
لەسەر بەرد تۆمارم کرد و هەتا بڵێی ڕۆشن

# لەکەدار و کلکدار

مرۆڤ دڵۆپ دڵۆپ خوێنی پاکی لێ دەڕژێ و خاک دەیخواتەوە
خوێنی پیسیش لە لەشی دەمێنێتەوە و بۆگەن دەکات
چەتری کاسەی سواڵ بپێچەوە پیاوی لەکەدار و کلکدار
وەک پشیلەی لە حەفت دەرگا میاویو
چڕنووکت بەسەرماندا کردووەتە قەفەس
ئەسپی شەل کەژاوەی لەسەر پشت هەڵنادرێ
چاو بە فرمێسک سڕە و دەخیلەی دڵشکاوانە
پایز دڵەڕاوکێی سروشتە
لاپەڕەکانی ناوچەوانی هەڵدەدەمەوە

مێشکێکی باش و سادە
کە خوێنی لێ دەتکێ سەردانی دەکات
ساتمە ناکات و ناکەوێ
لە مێژوویەکی زیندوودا پشوودەدا
هێشووەکانی پێگەییون و دەستەکانی بۆ بەرزکردوونەتەوە
بووە هەتاوێک تانوپۆی ڕەش و سپی چنیوە
زۆر ڕامام تا لە چنین بگەم

خۆی لادا لە لێوی ڕەشی نزا خوێن
گوێی لە زمانێکی تر بوو
لە دەشتاییيەکدا وێڵ مەبە
کلیلی شار بخەنە سەر ئاوێنەی زولاڵ کە زمانی نەرم دەهەژێتەوە
شەرمم لە برین نەکرد
شەرم لە برسییەتی دەکەم

# هاتن و نەهاتن

کەسێکی چاوەڕێم لە هاتن و نەهاتندا تەنیا نەبم و قاچم زەوی نەگرێ
تەنیایی دڵ دەسووتێنێت
دەستیشم لە کردنەوەی پەنجەرەدا گیربووە
پەنجەرە لە ژووری زیندانیشدا دڵخوازی دیدارە
مێوان لەبەر پەنجەرە ئاڵووالآی ڕێژەنی ڕوخسارە
دڵی سپاردووە بە خۆرێک چاوی ئاڵۆز نەبووە و هەڵی نەگلۆفتووە
تەنیا ڕەنگی هاتن لەچاویدا دەنیشێت
جۆرەها دەنگی تێکەڵ لەسەرت جێ بە یەکتر چۆڵ دەکەن
دەیانەوێ بچنە ئاسمان بزرینگێنەوە
بە خوماری سەیری زەمینی خومار بکەن
بیر لەو تیشکەش بکەنەوە
بە نێوانی شاخی کەڵەکێوی ڕەت دەبێت و لە پەنجەرەی زیندان دەدات
تیشکێکی لەناکاو نییە
خۆر و پەنجەرە گۆرانیی یەکەمن
دەچنە ناو چارەنووسێک هێڵ و هێماکانی هیوایان لێ دەخوازرێ
خۆیان بەسەر نەهاتن دادەخەن و بەسەر هاتن دەکەنەوە

# ڕاست و چەپ

ڕێوییەکی قوونگیراو لە ئاوێکی جادوولێکراودا ددانی شووشت
کاتژمێری فێرە هەڵخەڵەتاندن کرد
ئەوەی چاوەڕوان دەکرا ڕووی دا
ڕاست ئەسپی چووە ڕێ
چەپ شەقامی ناهاوسەنگە و ڕێبوارانی لەگەڵ
یەکتر نامێننەوە و بخوور دەکوژێننەوە
لە پشت شۆستەکانیەوە جورج دەمی یەکتر
لە ئاوێنەی چێژدا بە پێوانە و قەوارە دەبینن
پیت و هێڵ و نیشانەکانی هاتوچوویان کڕاند
ئێمە تێکسووڕاین و گاکانمان لەناو کێڵگە بۆ نەهاتنەوە
هەر بە چاو شوێنپێیەکانی دزین
گوللەی قینی کولاوی تەقاند
گوللەی فرمێسکڕێژیشی بۆ هەلێکی تر هەڵگرت
لە خاکی ڕەنگەکان گۆپکە و چرۆ و خونچە و گوڵ
ژەهراوی دەکرێن ئەوجا پێیدەزانن
باخچەش لە تووڕەییدا ڕەشێنەی چاوی نەما

# شەو و ڕۆژ

لەشەودا سینگ دەردەپەڕێنم و خۆم ئامادەدەکەم
بەناو ڕۆژدا بڕۆم و شتەکان دژی شەو هەڵگرمەوە
شەو زانی بێکەسم و بە سەرانسەری دنیادا دەسووڕێمەوە
بەشێک لە کاتی خۆی کورت کردەوە و دنیا بووە پەنجەرە
لەڕۆژدا دەست لەسەر سینگ دادەنێم و خۆم ئامادەدەکەمەوە
بەناو شەودا بێمەوە و شتەکانی هەڵم گرتووەتەوە
لە مۆزەخانەی پایتەختی دابنێم
ڕێگاکانی شەو و ڕۆژ وایان کرد
شانازیی بە بێ شەو و ڕۆژیی خۆم بکەم
شەو و ڕۆژ گومانیان هەیە
هەموو ئەو بەردانەی هەڵمدان
نرکە و ناڵەیەکیان نەخستە دڵی گۆمێکەوە
کامێراکەم ئامادەدەکەم وێنەی
قرژاڵێکی چاو پەلکەزێڕینەیی دەگرم لافاو لایداوە
گوڵەبەڕۆژە بەسەریدا چەماوەتەوە و سێبەری لێ کردووە
ئەی ئەستێرەی بچووک بڕژێ
بەیەکەوە کۆچدەکەین
نامەیەکیان پێ سپاردووم هیچ لەسەر زەرفەکەی نەنووسراوە
ئەرێ ئێوە پرسیارێکتان لە ئاوێنەی ڕەشدا نەشێواوە

# کۆن و نوێ

گوڵەبەڕۆژەی ئاسمان مانگ
ڕۆژێک سادەیی جوانیی
بە شتی کۆن سەرسام دەکەم و لەگەڵیدا هەڵبکات
نوێ بێدەنگ و بێجووڵە و لەخۆڕازی
بە ڕێگایەک کە ڕووناکییەکەی
ئەشکەنجە نەدراوە و چووەتە ڕیزی سوپای نیشتیمانیی
بەرەو پیرمەوە دێ
ژیان بە کۆن بەناز و ڕێزلێگیراو ماوەتەوە
بە نوێ خەمڵیو و زەماوەندگێڕ و بە خانە و لانە
لە تەماشاکردنی ڕێی خولیا دەماری دادەخورپێ
لەگەڵ خۆی هەڵدەکات و گوڵاوی بەسەردا دەڕژێ
دەنگی لە هەموو جێیەک نەوا و ئەنوایە
بێدەنگی ڕێگا لە کوێ دەیهێنێتەوە
هەموو بە ڕێگایەک کە ڕووناکییەکەی
ئەشکەنجە نەدراوە و چووەتە ڕیزی سوپای نیشتیمانیی
بەهانایەوە دەچین

گوڵاوی پاراوی شەوییمان لێدەدا
بیر لە ئارەقەی بۆنخۆشی سەرەمەرگ دەکەینەوە
گوڵاو و ئارەقەی سەرەمەرگ ڕژاونەتە ناویەک
ڕووبارێک حەوت پردی بەسەرەوەیە
بە هەراوهۆریا لە ڕووبار نەپەڕیمەوە

# ناولەپ و ناوچەوان

ڕەگ نازناوە بۆ لک و چڵ
لە بینینیان گلێنەی هەردوو چاوی گەورە دەبن
ناولەپ هێز و هێڵەکانی خۆی دایە ناوچەوان
ترووسکەی ئاویلکەیەک کۆی کردنەوە
بوون بە باڵا و سێبەرەکەیانم بینی
ئاگری سێبەرەکەیان پێشوازی لە پیاوێکی بەختەوەر دەکەن
قۆچی گایەکی لە جەللادێک وەرگرتووەتەوە
ڕاوی گورگی دارستانی پێدەنێ
زەوی درەختەکانی خۆی کرد بە تێلدڕ

پێی گورگ سووتا و ئەو چڕنووکەی لە گۆشتی دەچەقاند هەڵوەری
قۆزاخەی ڕووناکی کرایەوە
ئاشنابووم بە سروودی شۆڕشەکان
دەستە بەرزهەڵبڕاوەکان بەخشش و بەخشندە و مژدەپێدراون
مانگ مێوانی ئاسمانە و خودا بەخێرهاتنی کرد
دابەزی بۆ ناو دەستە بەرزهەڵبڕاوەکان و بە چاو و ناوچەوانی خۆیانەوە نا
ڕووەو هێمنیی خوداوەندەکان غاریان دا
هێمنیی خوداوەندەکان بۆ دەستە بەرزهەڵبڕاوەکان گواسترانەوە

**تەمووزی ٢٠١٨ هەولێر**

# دۆخی سێیەم

# سەکۆی بانگەواز

شـوێنپێ لـە هەمـوو ڕێگایـەک جێنامێنـێ و زەویـش لەنـاو ئاگـردا دەینالاێنـد   مووچڕکێکی گــران لــە جەســتەی دەگــەڕا و دەرنەدەچــوو   ئــادەم پاســەوانێکی بەزیــوی زەوییــە و ڕەنگــی بــە ڕووەوە نەمــاوە   گوتــی ئــەم مووچڕکــە گرانــە لــە جەســتەی زەوی دەرکــە شــەقامێکی ئاوێنەیــی یــەک یەکێکــی تــری تێــدا بانــگ دەکات   لــە هێڵــی ناوچەوانــی پاڵەوانێــک دروســت دەبێــت   ڕوخســاری ڕوون لــە شــەقامی ئاوێنەیــی باوێشــک نــادا بــەو شــەقامەدا بــڕۆ هێزێــک هەڵدەقوڵێــت   بێتاوانێــک کــە لــە قووڵاییییــەوە هەناســە هەڵدەکێشـێت دیـواری بـۆ دەشـکێنێت و ڕزگاری دەکات   بـە تـرس لـە درزی بچووکـی ئاوێنـە نزیـک دەبینـەوە   درزی بچـووک ئـاژاوە بەرپـا دەکات و تارمایـی لـێ دێتـەدەرەوە هەنـگاو لەسـەر درزدا زەوی ناگـرێ و خـوان سـارد دەبێتـەوە و دوژمـن دەگا   مووچڕکـی گــران تاهەتایــە لــە جەســتەی زەوی دەرناچــێ   هێزێــک هەڵناقوڵــێ لەســەر ئەســتێرەدا ئاگرمـان بـۆ ناکرێتـەوە و باڵـی شەمشەمەکوێرەشـمان پێنابەسـترێ   سـوپاس سـەکۆی بانگـەواز

# گوڵی نزا

شـوێنپێیەکی کـپ و ڕوونـاک کـە بـاوک و باپیـران جێیـان هێشـتووە لەناویـدا پێیەکانـم پشـوو پـێ دەدەم  ئـەو ڕێگایـەی لـە بەردەممدایـە ڕوخسـاری ڕوون دیـار نییـە پێیەکانمـی لەنـاو پشـوو پـێ نـادەم  ئـەوەی خەیـاڵ دەیڵێـت چاوتـرووکان لـە دەریـا گەورەتـرە و پێڵـووش لـە کەنـار لێـک دوورتـرن  نـان و دەریـا دوو کەسـن لەنـاو یەکتـر ناتوێنـەوە لـە نیگایـان چاودێـری نەتوانەوەیـان دەکـەن  ئۆرفیـۆس بـێ پـەروا بەنـاو دەنگـە بـەرز و نزمەکانـی سروشـتدا ڕۆیشـت و چـاوی لەسـەر ناوکـی خـۆی ڕاگـرت بـەردی ژێرپێـی قایـم بـوو  دەریـا لەبـەر خاتـری ئۆرفیـۆس گەڕایـەوە لای  بـە تاسـە و ئارەزوویـەک کـە باڵنـدەی کۆچـەری ڕاودەکـەن گوتـی هیـچ لەبـارەی ئاوڕدانـەوە مەڵـێ  گـڕی بژارکـراوی ڕوخسـاری میهرەبانـان کـە بـە هێـزی دۆنایدۆنـی ڕۆحـەکان خانەدانـن لـە پێشـەوەن جوانییـان دانەخسـتووە قـووڵ لایـان پشـوو بـدە  بـاران بەشـێکە لـە سەرکێشـییەکان بەسـەر پێیەکانتـان دەبـارێ و خۆشـدەبێ بـۆ ڕۆیشـتن و سـەردانی گوڵـی نـزا

# پیتی ناوەکان

هەندێک کتێب لە ناخی خۆیان بێدەنگن لە کتێبخانەکەم بژاریان دەکەم و لەسەر مێزی خوێندنەوەیان دادەنێم بە بێدەنگی هەڵمان گرت و لەژێر سێبەری ئەو درەختەمان دانا کە خۆی لە حەوشەکدا چاندبووی و ئاوی بەدەمەوە کردبوو دەمی کرابووەوە وەک بڵێی ویستبووی ناوی کوڕ و کچەکانی بهێنێ و دوا هاوار بباتەوە ناو دەمی درەختەکەوە کاتێک پرسیارم لە گەشەی ڕەگ و چڵەکانی کرد گوتی دەمێکە دڵگەرمە هەموو پیتی ناوی کوڕ و کچەکانی بناسێت و لە دیواری پشت سەری خۆی بدات عەباس شووشە خاوەر سەباح کەتیبە سەربەست نزیکترین خاڵ لە خۆر خستییە بەر پەنجەرەیەک ببێتە باڵندە و قەرەبووی دوو هێلکە شکاوەکەی بکاتەوە هەموو شتێک لە خونچە ئیسماعیل عومەر مایەوە بەناو مووچڕکی حەکایەتەکان گەڕا و هەموو پیتەکانی ویستی بناسێ ناسی و ژیان دەستپێکردەوە لە نزیکترین خاڵ لە خۆر دانیشت و وەک خۆر خۆی پیشاندا ئێمەشی بە تیشک ڕەنگاوڕەنگ کرد و بەسەر شانمان مایەوە مریشک و جووچکەکانی بەحەوشە وەربوونەوە کاتێکیش تاریکی دادەهات لە ترسی ڕێوی و چەقەڵ دەیخستنە سەر لک و چڵە بەرزەکانی درەختی حەوشە شادمانی دەستی پێکرد سەیری هەر دوازدە ئەستێرەی کەلووی کرد و شوێنی جەنگەکانی بینی خۆر لە ماڵەکەی ئاوا بوو ویستم دڵم بە مردنی دایکم بترسێنم سابیر حەسەن سلێمان هاواری کرد لەمێژە لە دوور و نزیکەوە ئێشکگری پێشوازیم و دەست بۆ ڕێبواران بەرزدەکەمەوە و بە چل حۆریم گوت تکایە لێم دوورکەونەوە خەریکم تاڵە ئاوریشمێک لە قۆزاخەدا دەدزم لەم دیدارە تایبەتییەدا ئاگری تەنیاییم کوژایەوە لەبەر دەرگاوە پێشوازی حۆری خۆم کرد و بۆ دواجار چەند پارچە نانێکی بۆ مراوییە هۆگرەکانی خستە ئاوەوە و دەستی ماڵئاواییم بۆ بەرزکردنەوە ڕێبوارەکە گەیشتە جێ و گەش گەش چووەوە ناو سەرچاوەی پیتی ناوەکان

# دەنگی بەجێماوم

کرمـی مـڕ و مەسـتبووی نـاو میـوە چۆنـی و چـۆن پـەڕۆی سـوورت هەڵدەدەیتـە سـەر شـاخی گای لەشـەڕ مێروولـەی شـەقام لـە دەرەوە چاوەڕوانـن هەنـاوی میوەکـە تـەواو بخۆیـت و لەبرسـاندا بـۆ خواردنـی هەنـاوی میوەیەکـی تـر ڕاکەیتـە دەرەوە ئۆهــ لـە ژیـان و نهێنـی دانیشـتووانی ئـەم ناوچەیـە شـارەزانیت هـەوری نیشـتووی سـەریان مایـەی واقوڕمانێکـی هەمیشـەییە درەخـت چەتـری بەفریـان بەسـەر خۆیانـدا هەڵـداوە و کۆتـری لانەوازیـش بـە هەمـوو لایەکـدا دەسـووڕێنەوە و هێلانەیـان سـاردە چـاو زیت و خەڵوەتـدار لـە مەیخانـەی ئاسـمان دەمێننـەوە و گەمـارۆی سـەرمایان پـێ ناشـکێ ژێـی عـوود خاوبووەتـەوە و دڵـی عـوودژەن چـاوی مردووەکانمانـن ئەسـتێرەی بـە زەوی سـپێردراون و دەڵێـن دوژمنداریـن و تاوانبـار نیـن توورگێـک بۆنـی شـوێنپێیەکانمان دەکات کلکـی بـە دەفـی لـە پێسـتی سـەگی دوو ڕەگ دروسـتکراو بـادەدا بـەر لـە تـۆ شـتێ نەبـووە بـەدەر لـە تـۆش شـتێ نابـێ ئـەی شـیعر ئـەی ئەسـتێرەی بـە زەوی سـپێردراو تـاس بردوومییـەوە و سـڕ نەبـووم پرچـی سـوورمەییت تـۆڕی دابەشـکردنی ئـاوی شـاری بۆشـاییە سـپییەکانە وەک ئـەوەی بـا دەسـتی بەسـەر شـتێکی لـە خـۆم گەورەتـر داگرتبێـت و نەتوانێـت قسـەیەکی تونـد بـکات لەگـەڵ دەنگـی بەجێمـاوم

# خانەی پیران

پووشــی هێلانــە بۆنــی خۆشــە و پەپوولەیــەک بــەدوای ئاگــردا کەوتــووە و دەیــەوێ خــۆی پێــدا بکێشــێ   ئاگریــش تاریکــی دەبــڕێ و ڕادەکات نایــەوێ تەنیابێــت تەنیایــی دڵ ون دەکات و چــاو بێخــەو   پەپوولــە بــە نیــازی خۆکوشــتن لــە ئاگــر دەڕوانــێ نایــەوێ بچێتــە خانــەی پیــران

# کانە خەڵووز

لێڵــی لــە ناخــی داڵ دەردەچێــت شــیعرێک لــە خــوارەوە بــۆ ســەرەوە دەخوێنمــەوە زەوی تەنیــا و بــەس بــۆ ئــەو کەســەیە خوێنــی ناوکبڕینــی دەڕژێتــە ســەری و داڵ لەبــەر پەنجــەرە دەردەکات ئەگــەر ژیــان بــە شــێوەیەکی ناســاز دەســتی ڕاســت و چــەپ کــردی هیوایــەک بخــوازە و فــوو لــە مــۆم بکــە و بــۆ شــوێنێکی دوور کــۆچ بکــە کــۆچ فریــوت نــادا و بــەرزت دەکاتــەوە بــۆ شــوێنێکی وەک ئــەو شــوێنەی چۆلەکــە تێیــدا دەفــڕێ توانــا و حــەزم هەیــە ژیــان درێــژ بکەمــەوە و ڕۆژێ شــازدە کاتژمێــر کاربکــەم و پشــیلە لەســەر شــانم فــڕێ بــدەم دوا چــاوەڕێ و چاوەڕێکــراو ببینــم و کتێــب و تابلــۆ و ئاوێنــە و ڕووگەنمــا و پەیــژەی نۆتــە و پیانــۆ ببەنــە نــاو کانــە خەڵــووز و بەشــداری خوێندنــەوەی شــیعرێک لــە خــوارەوە بــۆ ســەرەوە بــکات بــا هەســتی بۆنــی پەپوولــەی نــاو کێڵگــەی گەنــم خــۆش واڵا بــن لــەو کاتــەوەی بــە توانــا و حــەزەوە لــەو شــوێنەی چۆلەکــەی تێــدا دەفــڕێ و دێمەخــوارەوە و دەچمــە نــاو کانــە خەڵــووزەوە پرســیار لــە مێــژوو دەکــەم تــۆ ملکەچــی یــان نەرمونیــان لــە پرســیارەکە هــەڵات و نەمتوانــی بێژینــگ بێــژی بکــەم و بیگرمــەوە بــەڵام بــزر نەبــوو ســەرەتاتکێی کــردەوە کەواتــە دەبــێ خــۆم ڕابهێنمــەوە چــۆن بچمــەوە نــاو کانــە خەڵــووز

# ناکامی لەدایکبوون

پیـاوە سـەرچڵەکان بازیـان دا و بەهـەوودە و بـێ هـەوودە دەتوانـن هەمـوو شـتێک لەبـارەی ژیانـەوە بڵێـن ژیـان لـە ئێمـە زیاتـر لەبـارەی خۆمانـەوە دەزانێـت و دەمانگەڕێنێتـەوە نـاو کاتـی گەیینـی میـوەی گریـان مـرۆڤ دەتوانـێ هەمـوو شـتێک لەبـارەی ژیانـەوە بڵێـت و ناشـتوانێت بـە نهێنـی بـژی و شـەو و ڕۆژیـش بـە دەوریـدا بخولێنـەوە شـەو لەنـاو ڕۆژ بـە بێـداری ماوەتـەوە بـە دوای هاوڕێکـەی دەگـەڕێ و ڕۆژیـش لەنـاو شـەو مـرۆڤ لەنـاو هەردووکیـان بـازدەدا و دەگەڕێتـەوە کاتـی ناکامـی لەدایکبـوون

# زمانە مۆمیاکراوەکان

یەکەم جارمە ئاگر دەبینم   لەوانەیە بڕوا بکەیت و بڕوا نەکەی بە ئۆتۆمبێلی ئاگرکوژێنەوە دەچووین فریای ئاگرکەوتنەوەیەک بکەوین کە چەندان مرۆڤ تێیدا گیرببوو   گۆرانییەک خوێنێکی بەجۆش و خرۆشی ئەویندارى مرۆڤی تێدا گەرمبوو لە ڕێگای بەهانەوەچوون سی دی گۆرانییەکەمان خستبووە سەر موسەجەلە گوێمان دابوویە و بیرمان لە ڕووداوی ناو گۆرانییەکە دەکردەوە و بە گەرووی گۆرانیبێژەکە برینداار و ئامادە گۆرانییەکەمان دەوتەوە نقوومی نائومێدی و گریانێکی تاڵی ناسروشتی ببووین   ئەی تووڕە لەو ئاوەی بەسەر ئاگردا دەڕژێ هیچی ترمان نەبوو لەبارەیەوە بدوێین   بۆ تاهەتایەش فریای مرۆڤە گیربووەکانی ناو ئاگر ناکەوین و ئاسوودە نین   تێگەیشتم شتێک لە ئێمەدا گۆڕاوە دەچمە ژوورەوە و گڵۆپی خەو ڕۆشندەکەم و پەنجەرە بەلای چەپدا دادەخەم   ئەم خەمە سووکەش کە مرۆڤی تێدا دەسووتێ تێدەپەڕێت   ئاگرێک لێمان دەڕوانێ و دەیەوێ لەبارەمانەوە بدوێت ئاگری زمانە مۆمیاکراوەکان

# زەماوەندی ناکام

چاوە سادەکان یانی ڕووناکی شار بۆچی ئاوا زوو تووڕە دەبن بەتای کراسێکی تەنک لەژێر بارستێک خۆڵ نوستووم ناخۆشی کەسم نەویست و ناخۆشیانویستووم ئەی ئاڵ لە ئەشق وێرد و نزا لە گریان بەکوڵترن منداڵەکانم زوو نەبنە هاوسێی ماڵ بە ماڵم و شەربەتم نەکەنە شووشەیەک ئیسپرتۆ و نەیەنە زەماوەندی ناکام

# درەختی زانین

باخچە مردووە و داهاتووش پێویستی بە باخچەیە بۆ هەمیشە خاوەنی بووژانەوەی باخچە دەبم ئاسۆ لەخۆبایی و توند و تووڕەیە بێ پرس و ڕا هەوڵدەدا پەڵەی ڕەش بباتە ناو ڕەنگی خۆر خۆریش زیاد لە پێویست سادەیە و ڕەنگ و شێوەی هی منە هی منی ناو تاجەگوڵینە و قۆزاخە بێ جەنگ ناتوانێ لەناو دەستم ڕایپسکێنێ و لەگەڵ بێدەنگی خۆر قسەم کردوو دڵخۆش و دڵنیام لەناو تاجەگوڵینە و قۆزاخە بە سواری بای پەڵە هاتووم و ڕاناکەم خەونی هەموو دنیام بینیوە و لە چارەنووس بۆی دەگەڕێم بۆ ئەوەی لەگەڵ ناوی خودا و خۆر بمێنمەوە ئەستێرە کە دەڕژێ دێت چاوی من ماچ دەکات و دەست بەسەری زەوی دادەهێنێت هەست دەکات من خاوەنی زەویم و نەخشەیم بە هێڵی خۆر کێشاوە جەستەیەک لە نێوان تاجەگوڵینە و قۆزاخەدا خەریکە گیانی دێتەبەر بە وشەی گیانهاتنەبەر پێشوازی لێ دەکەم دڵم بە میوانێک خۆشە بە لاڕێ ڕێناکات و وەک دوایین بەخشندە لە زایەڵەیەکی دووردا شتێک دەڵێ ئاشنای درەختی زانین

**ئەیلوولی ٢٠١٨ هەولێر**

ناوەرۆک

دۆخی یەکەم
هەموو کەسەکان لە بوێریی ڕۆیشتندا ڕازن
یەکەکان لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا
دیمەنێک لە شاری بۆشاییە سپییەکان
لە هێزی درەوشانەوەدا
لە بۆسەی خدری زیندەدا
ئاوم بەخۆڵدا کرد و بۆنی خودا خۆش بوو
ئەسپی باڵ داستان و ئەفسانە گەیشت
دایەگەورە نیشانەی سەرسووڕمان بەرانبەر جەرگی خۆی دادەنێ
ئاهەنگێکی تەواو نەبیندراو
ڕەگ لە دەم جۆگەی وشک هەناسەنادات
دۆخی دووەم
لەدایکبوون و مردن
ئەوسا و ئێستا
وەچە و بنەچە
باوەڕ و گومان
لەکەدار و کلکدار
هاتن و نەهاتن
ڕاست و چەپ
شەو و ڕۆژ
کۆن و نوێ
ناولەپ و ناوچەوان
دۆخی سێیەم
سەکۆی بانگەواز
گوڵی نزا
پیتی ناوەکان
دەنگی بەجێماوم
خانەی پیران
کانە خەڵووز
ناکامی لەدایکبوون
زمانە مۆمیاکراوەکان
زەماوەندی ناکام
درەختی زانین

# کتێبی دووەم
# قەسیدەکانی؛ نالّە حەسەن

١/ من سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە
٢/ ٢٠١٦
٣/ عەفرین ئاڤێستایە
٤/ کەمانجەیەک بەسەرشانی باوە
٥/ کۆلّانە زەردەکە

# من سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

## ١

ڕۆژگارێک لەنێو
شەوە درێژەکانی کەنار ترۆپکی باکووری غەریبی
شەوە ونبووەکانی نێو ڕێڕەوەکانی تاریکی
تاریکییە ونبووەکانی نێو کۆڵانە پێچاوپێچەکانی تەنیایی
کاتژمێرێکیش بەبێدەنگی
لەنێو بێدەنگی/ شەوەکان و شەپۆلەکان و شەونمەکاندا
نێولەپی عەشقێک دەخوێنێتەوە
عەشقێک کە بەتاقی تەنیا
لەکەنار ترۆپکی باکووری غەریبی
لە ژوورێکی جۆلوهۆڵ
لە باوەشی بێئۆقرەیی ڕاکشاوەو
تنۆک تنۆک تەنیایی لێدەڕژێ
منیش لەنێو ئەو شەوە درێژەدا وا هەستدەکەم
قورسایی هەموو/
زەمەنەکان و کاتژمێرەکان و سەدە ڕۆیشتووەکان
بەسەرشانمەوەیە
وا هەستدەکەم/ لەنێو فارغۆنێکی بەتاڵی نێو میترۆیەکدام
هەردەڕۆم و ناگەم بە هیچ
منیش/ لەم سەهۆڵبەندانی ئەم مردنە هێواشەم
بەبێدەنگی وەکو بەرد بیر لەتۆ دەکەمەوە

تۆش وەرە/ ئەی وردە خۆرەتاوی نێو چاوەکانی تاریکی
ئەی شنەبایە گەرمەکەی نێو هەناسە سپییەکانی بەفر
ئەی تریفە غەمگینەکانی نێو شەوە درێژەکانی
کەنار ترۆپکی باکووری مردن
من سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

## ٢

وەرە خۆت و سەبەتەیەک پڕ لە ئەستێرە
خۆت و خەونێک پڕ لە بروسکە
لەسەر نێو لەپی خەیاڵەکانت
چیرۆکی برینەکان و
ئایەتە دڵتەنگییەکانی خاکم بۆ بنووسەوە
پەنجەکانت لەنێولەپی مندا بخشێنە
با خەم و خەون و خۆزگەکانت
کۆپی بن لەنێو مندا
با ڕووناکی چاوەکانت بێنە نێو تریفەی تەنیایی من
زەردەخەنە نەرمەکانیشت
وەک لاولاوە لە جەستەم بئاڵێن
وەرە لێوت لەسەر لێوەکانم دابنێ
بە گەڵا ئەوینییەکانی خۆت داپۆشە
وەرە بمبەرەوە
لەنێو ئاگردانی ئارەزووەکانت و
لەنێو خەونی خۆرەتاو و
لەنێو مەمکۆڵەکانی نیشتیمانم/ لەخاچمدە
دەوەرە دەی
من سییەکانم پڕن لەبۆنی ڕەیحانە

## ٣

ئەی شازادەی شەوەکان و

شەباهەنگە شلێرییەکەی من/ بگەڕێوە
با مەودا دوورەکانی نێوانمان
لەنێو دەفتەری چارەنووس و
لەسەر نەخشەکانی عەشق بسڕینەوە
بگەڕێوە و ڕووی خۆت بەرەو ڕووناکی وەرگێڕە
بێ سلەمینەوە لە سەردەمە سەرسەرییەکانی مردن

لە ڕۆژە ڕەشەکانی ڕابردوو
لە ئاگرە سۆزاینییەکانی دۆزەخ
بگەڕێوە و بازبدە
بەسەر پشتی تیشکە یاخییەکانی شەو
حیکایەتی نەهەنگە پیرەکان لەبیرخۆت بەرەوە
بگەڕێوە/ با چیتر
عەشق لەنێو کاتژمێرە بەسەرچووەکاندا/ نەزیف نەبێ
با ژیان لەنێو خەونەکانی نیشتیمان و
نیشتیمان لەنێو خەونەکانی ژیان/ چاوهەڵبێنێتەوە
بگەڕێوە منیش لە چاوەڕوانیت
وەک ئاگر لە زیکر و
وەک خاڵخاڵۆکە لە خەڵوەت و
وەک نەورەس لە فڕیندام
دەبگەڕێوە دەی
من سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

## ٤

تۆش لە چاوەڕوانیمبە ئەی شۆخ

منیش بۆ ئەوینی تۆ دەگەڕێمەوە نێو ژیان
دێمەوە و وەک دڵۆپە شەونمێک
بەسەر پەنجەرەکانی نائومێدی دێمەخوارەوە
وەک دڵۆپە بارانێک
بەنێو قژی عەشق و بەنێو دڵی خاکدا
شل شل شۆڕدەبمەوە
دێمەوە بەنێو ڕابردووی ڕازەکان و
بەنێو ڕازە ڕابردووەکاندا ڕەتدەبم
مۆمی نێو
ئاوێنە ئەستێرەییەکانی ئایندە/ دادەگیرسێنمەوە
وەک پنجە گیایەک
سەردەردێنمەوە

لەنێو پێدەشتەکانی پرسیار و گەردانەکانی گومان
لەژێر خیوەتەکانی خۆشەویستیش ڕادەکشێمەوە
تۆش نەرم نەرم
بە پەیژەی نهۆمی نائومێدییەکانم هەڵگەڕێ
لەنێو خەونە بێدارییەکانم بمێنەرەوە
بمێنەرەوە و دوور بڕوانە دوور دوور
بمێنەرەوە و بفڕە بەنێو/ قوڵاییەکانی هەور و
قوڵاییەکانی مانگ و قوڵاییەکانی کات
بفڕە بەنێو/
گەردەلوولەکانی گومان و نەسیمە نائومێدییەکانی من
بفڕە بەنێو خەونە خاپووربووەکانی خۆشەویستیم
نزیکبەرەوە لێم/ نزیک نزیک نزیک
وەک نزیکی/
من و تەنیایی و
وەک نزیکی

من و مردن و
وەک نزیکی
من و نیشتیمان
گوڵەگیانم نزیکبەرەوە لێم
نزیک نزیک نزیک
من سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

## ٥

ئەی فریشتە پەڕوباڵسپییەکەی عەشق
من ماندووم
وەرە دوورم خەرەوە
لە تۆزوغوبارە غەمگینەکانی غوربەت و
لە شەپۆلە شینەکانی شێتبوون و
لە خەیاڵە خواروخێچەکانی خۆکوشتن
دوورم خەرەوە دوور
لە تەلبەندە تاریک تاریکەکانی تەنیایی
بمگەڕێنەوە نێو ئاوێنە ئەوینییەکەی خۆت
با لەوێندەرێ
منداڵان لەگەڵ پێکەنین و
عاشقەکان لەگەڵ سەما و
مرۆڤەکان لەگەڵ میهر/ ئاشتکەینەوە
با مەوداکانی سەرەتا و کۆتاییەکانی خەون
لەیەکتری نزیک بکەینەوە
ژیان لەگەڵ ئازادی و ئازادی لەگەڵ ژیان
عەشق لەگەڵ شیعر و شیعر لەگەڵ عەشق
تەنیایی لەگەڵ ئومێد و ئومێد لەگەڵ تەنیایی/ ئاشتکەینەوە
وەرە بمبە لەنێو ئاوێنە ئەوینییەکەی خۆت
بوونم بڕازێنەوە

بە ڕەنگە ڕووناکەکانی خۆت
بە هەستە هێڤییەکانی خۆت
بە سۆزە سەرمەدییەکانی خۆت
وەرە و بمبە
بارانە بەرائەتییەکانی خۆت
ببارێنە بەسەر جەستەی خۆڵەمێشیم
بێدارمکەرەوە/ لەنێو نائومێدییە نەرمەکانی نەبوون
بە ئەوینی نێو ئاوێنە ئەبەدییەکەی خۆت
بێدارمکەرەوە/ لەنێو خەیاڵە خرپنەکانی وەهم
بە ئاگرە ئیرۆسییە ئەزەلییەکانی خۆت
بێدارمکەرەوە/ لەنێو ئەشکەوتە تاریکەکانی مردن
دەوەرە دەی
من لەتاو تامەزرۆیی تۆ و
تاسە گەرمەکانی نیشتیمانم
سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

## ٦

بە بێدەنگی
لەژێر میلی کاتژمێرەکانی تەمەن ڕاکشاوم
ڕۆژەکان و مانگەکان وساڵەکانم
ڕەتدەبن
پایزیش جارجارە
بە زەردەخەنەیەکی خەمناکەوە
بزەیەکم بۆ دەکات و دەڵێت
هاوڕێم دیسان وەرزێکی ترە و هیچی تر
چ ئافاتێکی بێهوودەیە
کاتێک عەشق دەلاقەیەکی پێنەبێت
بۆ کتێبی خەونە سپییە ئیرۆسییەکانمان

ڕووبار سەمفۆنیایەکی پێنەبێت
بۆ ئارامبوونەوەی ڕۆحە بریندارە ماندووەکانمان
بەهار بەخچەیەکی پێنەبێت
بۆ ڕەنگە ناسکە نائومێدییەکانمان
لەولاوەش مانگی بەفرانبار
لە یاداشتنامەکانی خۆی دەنووسێت و دەڵێت
هاوڕێم تەنها ساڵێکی ترە و هیچی تر
چ ئافاتێکی ئاگرینە
کاتێک ژیان بوخچەیەکی پێنەبێت
بۆ وردە ئومێدە پەمەییەکان
خۆرەتاو پەنجەرەی تیشکەکانی خۆی
بەڕووی شەوەکانی نیشتیمانی من دابخات
ئاسمان ڕووبەرێکی نەبێت
بۆ فڕینی پەپوولە ونبووە بێ شووناسەکان
کازێوەش لەنێو فرمێسکەکانی خۆی
مەسیجێک جێبهێڵێ و بڵێت
هاوڕێم تەنها ڕۆژێکی ترەو هیچی تر
منیش لە کەناری ترۆپکی باکووری ئەم غەریبییەم
سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە

## ٧

با بە پێخاوسی بەسەر وردە شووشەکانی عەشقدا بڕۆین
با خوێنە ڕەشەکان
لە جەستەمان جیا ببنەوە
با بە پێخاوسی بەسەر بەفردا بڕۆین
تا لە خەونە گەرمەکانی خاک نزیک ببینەوە
با بە پێخاوسی بەنێو ئاگردا بڕۆین
تا پاکببینەوە و

بگەڕێینەوە نێو ئاوێنە ئەوینییە ئەبەدەییەکان
با لەنێو ئۆقیانووسی خەیاڵەکانمان
وێنەی بەهەشتێکی تر بکێشین
بەهەشتێک/
بڕبێت لە هەناسە
پڕبێت لە سەما
پڕ بێت لە ژیان
با قوفلی دەورەی بازنەکانی
پرسیارەکان و نیگاکان و خەونەکان و
هاوارەکان و ئارەزووەکانمان/ بکەینەوە
با خۆرەتاو لەنێو ماڵەکانمانەوە هەڵبێ
با شیلەی شەرم و نائومێدییەکان
تک تک بڕژێنە نێو تاریکی
تا وشکبوونەوە و ڕووتبوونەوەی ڕۆح
با لەژێر نەرمە ڕێژنەی بارانی بەهارێکی تر
خۆمان تەڕ بکەینەوە
منیش/ لە چاوەڕوانی ئەم کەرنەڤاڵە ڕەنگینەدا
لە دووری دوورەوە
لە کەناری ترۆپکی باکووری غەریبی
لەنێو قووڵایی تەنیایی خۆم
سییەکانم پڕن لە بۆنی ڕەیحانە...!

**تەمووزی ٢٠١٨**

# (٢٠١٦)

ئەی تەمەن لێرەدا بوەستە
چ بەدبەختییەکی گەورە بوو
لە کاتێکی ناوەخت هاتینە دنیا
لەوەش بەدبەخت تر
بە نێو شەوەکان و
بە هەورازە سەختەکانی
ئەم ساڵە شوومەدا دا تێپەڕین
بە نێو کۆڵان بە کۆڵان و ژوور بە ژووری
ئەم ساڵە تاریکەدا تێپەڕین
بە نێو هەموو ڕۆژ و مانگ و وەرزەکانی
ئەم ساڵە بێ سەمەرەدا تێپەڕین

ساڵێکی پڕ لە ئافات و پڕ لە جەنگ و پڕ لە مردن
ساڵێک/ پڕ لە خنکاندنی خەونەکان
ساڵێک/ پڕ لە ڕژاندنی چاوی ڕازەکان
ساڵێک/ پڕ لە مردنی مرازەکان

ساڵێکی خوێناوی و سوور سوور
ساڵێکی ڕەشی شووم شووم
ئەی تەمەن لێرەدا بوەستە
بەم هەموو برین و زامەوە
چۆن دەڕۆی بۆ نێو ساڵێکی تر
بەم هەموو فرمێسک و گریانەوە
چۆن دەڕۆی بۆ نێو ڕووبارێکی تر
بەم هەموو خۆڵەمێش و خوێنەوە
چۆن دەڕۆی بۆ نێو تابلۆیەکی تر

ئەی تەمەن لێرەدا بوەستە
ئارەقەی شەرمەزاری بڕێژە
کە بەهاکانی/
هەموو ژیان و بوون و
بەهاکانی/
هەموو شتە جوانەکانت
بڕۆ لەسەر شۆستەکان و
لە نێو تونێل و زێرابەکان دا کۆکەرەوە
ئەی تەمەن لێرەدا بوەستە
ئەی مرۆڤ/ لێرەدا بوەستە و
پەتێک هەڵواسە بۆ خۆت
بەم هەموو برسییەتی و ناڵەناڵەوە
بەم هەموو جەنگ و مردنەوە
بەم هەموو خوێن و خنکانەوە
بەم هەموو خەمۆکی و شێتبوونەوە

بەم هەموو دۆڕان و تێشکانەوە

چۆن دەڕۆی بۆ نێو ساڵێکی تر
چۆن دەڕۆی بۆ نێو گۆڕستانێکی تر
چۆن دەڕۆی بۆ نێو دۆزەخێکی تر
ئەی تەمەن
تکایە لێرەدا بوەستە
هەموو کاتژمێرەکان و
هەموو وەرزەکان و
هەموو ساڵەکانی
عەشق و موحیبەت تێپەڕین
لێرەدا بوەستە ئەی تەمەن
مەڕۆ بۆ نێو ساڵێکی تر و
دۆزەخێکی تر و مردنێکی تر

ئەی تەمەن/ لەو نوختە ڕەشە بوەستە زێتر مەڕۆ
لە نێو ئەم گۆماوە ڕەشە پڕ خوێنە بوەستە/ زێتر مەڕۆ
لە نێو ئەم وەرزە ڕەشە وشکەڵانییە بێ گوڵەگەنمە بوەستە/ زێتر مەڕۆ
لە نێو ئەم مۆڵگە و مەزرا و مەرزە ڕەشانەی مردن بوەستە/ زێتر مەڕۆ
بوەستە ئەی تەمەن
بەم هەموو بەرگە ڕەشەوە
بەم هەموو جەستە ڕەشەوە
بەم هەموو دڵە ڕەشەوە
بەم هەموو خەونە ڕەشەوە
بەم هەموو مێژووە رەشەوە/ بۆ کوێ دەڕۆی
ساڵێکی شووم شووم شووم
ساڵێکی ڕەش ڕەش ڕەش
لێرەدا بوەستە ئەی تەمەن

تا هەموو/

خنکان و مردن و کۆچ و برسییەتی و ئافاتەکانت
دەبن بە بیرەوەری
لێرەدا بوەستە ئەی تەمەن
تا دەبیت/
بە باخچەیەک لە ڕووناکی
بە تاڤگەیەک لە ئارامی
بە گوڵدانێک لە خەندەی سپی
لێرەدا بوەستە ئەی تەمەن
تکایە مەڕۆ
بۆ نێو ساڵێکی تر و
بۆ نێو گۆڕستانێکی تر و
بۆ نێو دۆزەخێکی تر
تکایە مەڕۆ ئەی تەمەن
مەڕۆ تکایە...!

**٣١/ ١٢/ ٢٠١٦**

# (عەفرین ئاڤێستایە)

## ١

(عەفرین)
ع/ ڕەمزی عەدالەت و
ە/ ڕەمزی ئاڤێستای دڵگەش و
ف/ ڕەمزی فڕین و
ر/ ڕەمزی ڕاز و
ی/ ڕەمزی یەکسانی و
ن/ ڕەمزی نەکەوتنە

## ٢

(ئاڤێستا)
ئ/ ئەوینێک بڵندتر لە بەرزاییەکانی ئاسمان
ئاوێزان لەگەڵ ئازادی
ئاڵوودە لەگەڵ عەشق و خاک و ئەبەدییەت

ا/ ئارام ئارام
ئاگری لە تخوبەکانی نێوان مردن و ژیان بەردا
لەنێو تابلۆیەکی پاییزی
سەمای لەگەڵ درەختە هەڵوەریوەکان و
باڵندە نامرادەکان دابەستا
ڤ/ ڤژاندنی ڕەنگە ئیرۆسییەکانی ئاگر و
دەستپێکردنەوەی سروودە نەرمەکانی باران
ێ/ ئێشکگر و شەباهەنگی شکۆی نیشتیمان
پرژاندنی شیلەی گەشبوونەوە
بەسەر درەخت و پنجە گیا و سەوزایی باخچەکان
س/ سەوداسەر و سەرمەست و سەرمەدی
سولاڤێک نم نم
دەڕژێتە نێو ئەفسانە و کتێبە پیرۆزەکانی سەروەری
ت/ تەمتوومانێکی سپی
تارایەکی سوور
تاڤگەیەکی ئاوس بە ژان و میلۆدییەکانی ئەڤینی
ا/ ئاڤێستا و ئاڤێستا و ئاڤێستا
چڵە زەیتوونە چاوگەشەکەی عەفرینم
ئەی داستانی هێڵە شینەکانی نێوان ڕەشبوونەوە و درەوشانەوە
ئەی تۆفانی نەبەردبوون و پشکوتن و ژیانەوە

## ٣

عەفرین ئاڤێستایە
ئاڤێستاش ڕووناکییە و ڕاچڵەکینە و ڕێگایە
عەفرین/ ماڵێک بۆ خۆشەویستی و پێکەوە ژیان
ئاڤێستاش/ لوتکەیەک بۆ سەروەری و بەرخودان
سومبولێک بۆ بوون، شەهێنێک بۆ شوناس
خورپەیەک بۆ خۆرەتاوی نێو خەونە خۆڕسکەکان

عەفرین ئاڤێستایە
ئاڤێستاش/ ئاگردانێک پڕ لە پشکۆ
شەپۆلێک پڕ لە شکۆ/ هێشوویەک پڕ لە هاوار
دەنگێکی دڵگوشاد پڕ لە داد و دلێری و دلۆڤان
ئاڤێستا و ئاڤێستا و ئاڤێستا
هێمایەک/ بۆ هەرمان و ئایندە و نیشتیمان...!

**تێبینی/ ڤژاندن یانی بووژاندنەوە.**

**٢٩ی بەفرانباری ٢٠١٨**

# کەمانجەیەک بەسەرشانی باوە

لە تەنکایی بیرکردنەوە
بەرەو قووڵاییەکانی ئەندێشە
لە قووڵاییەکانی ئەندێشەوە
بەرەو کۆڵانە پێچاوپێچەکانی زمان
لەوێوەش/
بەرەو شەوگارە تاریکەکانی یادەوەری و
بەرەو ڕووبەرە نائاگاییەکانی خود
کردنەوەی بوخچەی نهێنییەکان و
وەقسەهێنانی دەمارەکانی ئارەزوو
لە دوورەوەش
کەمانجەیەک بەسەرشانی باوە دەبیندرێ
درەختەکان بە نەرمی خۆ دەهەژێنن
دەرگاکراوەکانی ڕووناکی دادەخرێنەوە

پەپوولەکان جێژوانگەکانییان جێدەهێڵن
سەوزایی لاوکی ونبوونی خۆی دەستپێدەکاتەوە
عاشقەکان لەنێو خەونە سپییەکانییان
نائارام دێن و دەڕۆن

با بە هێمنی سەمفۆنیاکەی دەژەنێ
هەور بێدەنگ بێدەنگ ئەم هەوارە جێدەهێڵێ
لە تەنکاییەکانی خەیاڵەوە
بۆ قووڵاییەکانی وەرزە بەسەرچووەکان
پیاسەکردنەوە لە نێو خەونەکانی ڕابردوو
گەمەکانی نێوان منداڵان و مانگ
ئەفسانەکانی نێوان ئەوین و ئەستێرە
گوێگرتنەوە لە چیرۆکە بەرئاگردانییەکان
بازبازێنێ لەسەر سینگی کۆڵانە سووتاوەکان
نووسینەوەی زەردەخەنەی خەمەکان

کۆکردنەوەی مرواریيە ڕژاوەکانی ئومێد
لەوێوەش نزیکبوونەوە لە پەنجەرە کراوەکان
بینینەوەی موسافیرە ماندووەکان
ئەوانەی/
ژیان و گەردوونییان بەسەرشانییان داداوە و
کۆڵان کۆڵان
شار بە شار
دێ بە دێ دەیگێڕن
ئەو باڵندانەش دەبیندرێن
کە بە نائارامی دەفڕن
درەختەکانیش/
بۆ باران و خاک دەچەمێنەوە
کەمانجەیەک بەسەر شانی باوە
لاوکی موحیبەت دەژەنێ
دەمانگەڕێنێتەوە نێو خەونە سپییەکان

ڕۆژە گەرمەکانی نێو دڵی بەفر

نێو باخچە ڕەنگاوڕەنگەکانی ئەوین
گەڕان گەڕان گەڕان
گەڕان بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانەی
نامۆن بە خەونەکان و بە بوونی ئێمە
نامۆن بە ئەندێشەکان و بیرکردنەوەکانی ئێمە
گەڕان بەدوای ئەو ڕوخسارە گەشانەی
لە نێو وەهمەکانەوە دەبیندرێن
گەڕان بەدوای قاقای ئەو پێکەنینانەی
لە نێو خەیاڵەوە دەبیسترێن
هەر گەڕان و هەرگەڕان و هەرگەڕان
گەڕان بە دوای بوون و خەون
بە دوای پرسیار و گومان
بەدوای وەهم و حەقیقەت

لە نێو تەنکاییەکانی بیرکردنەوە
بەرەو قووڵاییەکانی ئەندێشە
لەوێوەش هەڵدانەوەی
پەڕپەڕی کتێبی خەونەکان
گوێگرتنەوە لە ئایەتەکانی ئومێد
شیعرە چاو بەفرمێسکەکانی عەشق
لاوژە جەرگبڕەکانی ونبوون
ژەنینەوەی سرووەدەکانی هەستانەوە
لاوکە گەرمەکانی مردن
لەوێوەش/
ئاوێتەبوون لەگەڵ
وەرزەکان و
زەمەنە زەندەقچووە بابردووەکان
گریان و هاژە هەمیشەییەکان

ڕەنگە خۆڵەمێشییەکانی نێو تابلۆکانی قەدەر
وردبوونەوە لە پەیکەرە زێڕینییەکانی خودا

خوێندنەوەی نامەی ئەو کچۆڵە شەرمنانەی
کە تەنها لە نێو نامەکاندا
زمانییان دەهاتە گۆ
شیرین شیرین دەیانگوت
بە ئەندازەی شەو نزیکم لە ڕووناکی
بە ئەندازەی باران نزیکم لە رووبار
بە ئەندازەی گیا نزیکم لە با
بە ئەندازەی خۆم نزیکم لە تۆ
لە نێو قووڵاییەکانی خەیاڵەوە
بەرەو هەوارگە ڕەنگاوڕەنگەکانی درەختەکان
نووسینەوەی جوانییەکانی گەڵاو گوڵ و
نهێنیەکانی ڕەنگە تۆخەکان
بێدەنگییە ئارامییەکانی سەوزایی
لەوێوەش بەرەو شەقامەکانی بروسکە
یان بەرە و مەملەکەتی ئەستێرە
ڕاکشانەوە لەسەر سیسەمی ڕووناکی

ڕێکخستنەوەی کتێبەکانی نێو دەلاقەکانی ئاگر
کردنەوەی بوخچە گرێدراوەکانی نێو قوژبنە تاریکەکان
دواتر گەڕانەوە بۆ کەنار دەریاکان و ڕووبارەکان
وردبوونەوە لە هاتنە دنیای شەپۆلەکان
لە هاوار و گۆرانییەکانییان
لە مەستبوون و مردنەکانییان
لەوێوەش ڕۆیشتن بەرەو
کیشوەرە دوور دوورەکان

بەهەشتە پڕ لە نوورەکان
هەرگەڕان و هەرگەڕان و هەرگەڕان
گەڕانەوە بۆ نێو
ئەشکەوتە ئاتەشییەکانی خود
مانەوە لەژێر کەپرە ڕەنگینییەکانی ئارەزوو

نەخشاندنەوەی پەیکەرە ئیرۆسییەکانی خەون
دیسانەوە خەون
هەر خەون و هەر خەون و هەر خەون
خەون خەون خەون
خەون خەون
خەون

## ٢

نیگارکێشێک
لە سەرەتای
پشکوتنی خونچەی ئومێدەکانی
لە سەرەتای هەستکردن
بە گەرمایی دەمارەکانی ڕۆح
بە خوێن تابلۆی خۆزگەکانی ڕەنگ دەکات
لە نێو تابلۆکانیدا
خەونەکانی سوور سوور
خەیاڵەکانی سوور سوور
ئارەزووەکانی سوور سوور
فڕین لە نێو
سەدەیەکی پڕ لە خوێن
و
زەمەنێکی پڕ لە خوێن

هونەرمەندێک
خوێن لە تابلۆکانی دەچۆڕێ

فلچەکانی
پەنجەکانی
پەراسووەکانی
چاوەکانی
ڕەنگەکانی
سوور دەچنەوە
سوور سوور سوور
نیگارکێشێک
نیگاری سەدەیەکی سوور و
زەمەنێکی سوور و
دنیایەکی سووور سوورمان بۆ دەکێشێ

شار و دێهاتەکانی سەدەی بیستەم
کۆڵان و باخچەکانی سەدەی بیستەم
ڕووبار و دەریاکانی سەدەی بیستەم
سوور دەچنەوە سوور سوور سوور
نیگارکێشێک نیگاکانی پڕن لە خوێن
نیگارەکانی سوور دەچنەوە
نیگارکێشێک خەونەکانی پڕن لە خوێن
خولیاکانی سوور دەچنەوە
نیگارکێشێک ئومێدەکانی پڕن لە خوێن
ئارەزووەکانی سوور دەچنەوە
لە نێو تابلۆکانی ئەم هونەرمەندە
ڕەنگەکانی تر
لە پشت ڕەنگە خوێناوییەکان
بە بێدەنگی خۆیان حەشارداوە

جارجارەش بە بێدەنگی

وێنەی نائومێدی
وێنەی مردن دەکێشن
وێنەی گۆڕستان
وێنەی دۆزەخ دەکێشن
وێنەی تفەنگ
وێنەی جەلادەکان دەکێشن
ڕەنگەکانی تریش
بە بێدەنگی هاوار دەکەن
کتێبی جەنگەکان دەنووسنەوە
ژیان چ ڕێکەوتێکی سەیرە
تابلۆکانی ئەم نیگارکێشە
لە تابلۆکانی نیشتیمانی من دەچن
ڕەنگەکانی نێو تابلۆکانی نیشتیمانی منیش

بە بێدەنگی هاوار دەکەن
بە بێدەنگی گۆرانی دەڵێن
بە بێدەنگی پێدەکەنن
بە بێدەنگی کتێبەکانی عەشق دەنووسنەوە
بە بێدەنگی ئەفسانەی جەنگەکان دەگێڕنەوە
بە بێدەنگی گوێ لە سەمفۆنیای با دەگرن
بە بێدەنگی سەما دەکەن و
هەر بە بێدەنگیش دەمرن
ڕەشەباکان و هەورەکان و بروسکەکان و ئەستێرەکان و
درەختەکان و ڕووبارەکان و تاڤگەکان و چیاکان و
باڵندەکان و باخچەکان و شەوەکان و ڕۆژەکان و وەرزەکان و.
هەموو شتەکان لە نیشتیمانی من بێدەنگن
عاشقەکان و موسافیرەکانیش بێدەنگن
تەنانەت مورید و پەیامبەر و خوداکانیش

بێدەنگی لە نیشتیمانی من
زمانی گیا و
زمانی خوا و زمانی خاک و
زمانی بەفر و زمانی سروشت و
زمانی هەموو بوونەوەرێکە
ژیان لە نیشتیمانی من
لە مردن دەچێ
مردنیش وەکو ژیان بێدەنگە
ژیان هێندە لە مردن نزیکە
ناتوانین لێکیان جیا بکەینەوە
لە نێو تابلۆکانی نیشتیمانی من
خۆرەتاو بە مردوویی هەڵدێ
بەیانییەکان بە مردوویی دەبریسکێنەوە
باران بە مردوویی دەبارێ
مانگ بە مردوویی دەڕوانێ

مرۆڤەکان بە مردوویی دێن و دەچن
کانییەکان و
جۆگەکان و
ڕووبارەکان
دەڕژێنە نێو
دەریایەکی پڕ لە شەپۆلی مردوو
با بە مردوویی کەمانجەکەی خستۆتە سەرشانی و
سەمفۆنیایەکی ناشازمان بۆ دەژەنێ
لە نێو تابلۆکانی نیشتیمانی من
ڕەنگە خۆڵەمێشییەکان و زەردەکان و سپییەکان و
سەوزەکان و ڕەشەکان و شینەکانیش

سوور دەچنەوە
وەک ڕەنگە مردووەکانی
سەردەمی جەنگەکان و
یان ڕەنگە بێدەنگەکانی
سەر ڕوخساری مردن

ڕەنگەکان سوور دەچنەوە و
خۆزگەکانیش و
خەونەکانیش ڕەش ڕەش

**٣**

نیشتیمانم
لە نێو وەهمەکانی عەشق
خۆم ونکرد و
لە نێو وەهمەکانی غوربەتیش تۆ
من بە چاوەکانی درەختەوە بۆت دەڕوانم
ئێستا بەم خەم و زام و برینەوە
ماندوو ماندوو
شەکەت شەکەت
لە کەناری مردن ڕاکشاوی

نیگاکانت لێل و خەمناک
گوڵاڵەی خەیاڵەکانت سیس و ژاکاو
منیش هێدی هێدی
بە قەڵەمی باران دەتنووسمەوە
خەونەکانت
وەک گەڵا سپییەکانی مردن هەڵدەوەرن

ڕەنگە گەشەکانی چاوەکانت
تا دێ کاڵتر دەبنەوە
منیش بە باڵای سنەوبەر
وەک هەمیشە بۆت دەچەمێمەوە
لەبەر غەریبی تۆ
غەریبی خۆم بیرچۆتەوە
نیشتیمانم
منیش ئەم دەور و زەمانەم لەبیرە
بوون و ژیانم پڕ بوون لە غەریبی

بیرم دێت
وەک پنجە گیایەک
یان کوڵیکە سوورێکی ناسک
دەمەویست هەناسە بە سروشت و ژیان بدەم
هەورە ڕەشەکان و
گەردەلوولە ڕەشەکان و
ڕەشەبایە ڕەش ڕەشەکان
هەڵیبیان تەکاندم
دووریان خستمەوە
دوور دوور دوور
لە خۆم دوور و
لە تۆ دوور ئەی نیشتیمان
دوور دوور دوور
لە ژیان و لە هەموو شتێک دوور

بیرم دێت
ڕۆژانێک/
پڕبووم لە ڕووناکییە پرشنگییەکانی بەیانییان

لە زەردەخەنە زێڕینییەکانی پایزان
لە سەوزاییە سەرمەدییەکانی بەهاران
بە بیرم دێت
هەر بە پێکەنینەوەش هاتمە نێو ژیان
لە نێو ژیانەوە خەونم دەبینی
توند توند
باڵام لە باڵای ژیان ئاڵابوو
شل شل
گۆرانیم بۆ ژیان دەگوت
من کەسێک بووم
ژیان نیشتیمانی ئەبەدیم بوو

هەرگیز مردنم نەدەناسی
بێویستیخۆم
کراسی مردنییان لەبەرکردم
مردنیش هەر لەم ڕۆژەوە تاکو ئێستا
لە هەموو کاتێک و لە هەموو شوێنێک
هەر بەدوامەوەیە
مردنیش بۆ من لاشەیەکە و
ساڵەهایە بەسەریا دەڕۆم
نیشتیمانم
بە چاوەکانی خەون بۆت دەڕوانم
بە هەستەکانی تریفە
گوێت لێدەگرم
لەو کەمانجە ڕەنگینەش دەڕوانم
کە بە سەرشانی باوە دەبیندرێ
سەمفۆنیای خەونەکانی تۆم بۆ دەژەنێ

ئەو ڕۆژانەم دێنێتەوە یاد
شیعرەکانی خۆم
بە ڕووناکی شەوەکانی پایز دەلاواندەوە
دەماری ئارەزووەکانم
پڕ دەکرد لە لە بزە و نیاگا و
لە میهرە گەرماکانی تۆ
نیشتیمانم
ئێستاکەش چەندە غەریبی غەریب
دەرگای ژیانت بە ڕووی خۆتدا داخستووە
لە نێو کۆلانە شێواوەکانی مردن پیاسە دەکەی
بوخچە شینەکانی هیواکانت
لە نێو ژوورە تاریکەکان جێهێشتووە

تەنیا تەنیا
وەک موسافیرێکی ون
بە پەیژەکانی نائومێدی هەڵدەگەڕێی
ناوی ڕووبار و باڵندە و گۆرانییەکانی عەشقت
بیرچۆتەوە
چەند غەریبی غەریب
وەک ئەو هەورە ڕەشانەی
بە دەم وەرزی دڵەڕاوکێی ئاسمانەوە دەردەکەون
وەک ئەو خۆرەتاوە تەنیایەی
بۆ پیربوونی بەیانییەکان فرمێسک دەڕێژێ
نیشتیمانم/ ئەسەف بۆ ئەو ڕۆژانەت هەڵدەکێشم
تیشکی ڕووناکی ئومێدت
دەیدا لە پەنجەرە و ژوورەکانی ژیان و
ڕوخسارەکانی مانگ و ئەستێرە و
باخچە و باڵندەکانت

پڕ بوون لە نیگای گەرم گەرم
بێوچان
بە نێو ڕەشەبا و گەردەلوول ڕەتدەبووی
نیشتیمانم/ ئێستا تۆ لە من غەریبتری
بە شەکەتی لە لێواری مردن ڕاکشاوی
ئێستا پشت لە ئاوەدانی و کاتژمێرەکان دەکەی
مرۆڤەکان و وەرزەکان و ڕووبارەکان و
شەقامەکان و عاشقەکان و موسافیرەکانت جێدەهێڵی
بە تاقی تەنێ هەر دەڕۆیت و ئاوڕ نادەیتەوە
بە تاقی تەنێ هەر دەڕۆیت و
هەر دەڕۆیت و هەر دەڕۆیت
بە تاقی تەنێ ئاوڕ لە کەس نادەیتەوە
هەر دەڕۆیت و
هەر دەڕۆیت و
لە مردن نزیک دەبیتەوە
نیشتیمانم/
بە تاقی تەنێ هەردەڕۆیت و
ئاوڕ لە کەس نادەیتەوە
بەتاقی تەنێ
لە مردن نزیک دەبیتەوە
ئاوڕ لە کەس نادەیتەوە و
بە تاقی تەنێ/ تەنێ تەنێ تەنێ
ئاوڕ نادەیتەوە و هەردەڕۆیت...!

**نیسانی ٢٠١٦**

# کۆڵانە زەردەکە

من لە منداڵییەوە بەو کۆڵانە ئاشنام
کۆڵانێکی زەرد پڕ لە گەڵا
کۆڵانێکی هێمن پڕ لە نائومێدی
کۆڵانێک پڕ لە مرۆڤی تەنیا
هەموو ژێر درەختێک و پەنا و قوژبنێکی ئەم کۆڵانە
بۆنی ڕەشەڕەیحانەی نێو خەیاڵەکانی منیان لێدێ
من و شیعر و خەونەکانم
ڕەنگی ئەم کۆڵانەمان گرتووە
من کە بەم کۆڵانەدا ڕەتدەبم
وا هەستدەکەم
لە شەقامەکانی بەهەشتەوە پیاسەدەکەم

ئارام ئارام
وەک خەیاڵە ئەرخەوانییەکانی خودا
ئومێدەکان و
حەز و غەریزە ئیرۆسییەکانم تەڕتر دەبنەوە

وەک ڕێواسە ناسکەکانی بنار زورگەکان و قەدپاڵەکانی چیا
ڕۆمانە بەرگ سپییەکەی منداڵیم
بە تاسەتر و ناسکتر دەبێ
بە گێڕانەوەی حیکایەتەکانی
شەکرۆکە ترش و شیرنەکانی
(پلکە حەنیفی) دوکاندار و
کەر و عارەبانەکەی
(مام قادری) بەیتار و
یان/ مەرگی ناوەختی (نایف)
ئەم ڕۆژە گەرمانەی منداڵیم چەندە جوان بوون
ژیان تا بڵێی سادە و ساکار
بەڵام هەموومان ئاسوودە و بەختەوەر

من کە بەم کۆڵانەدا ڕەتدەبم
وا هەستدەکەم میهرەبانترین مرۆڤ و
بەختەوەرترین عاشقم
بۆیە هەر بە ئومێدی ئەوەم
ڕۆژێک دابێ
بگەڕێمەوە ئەو کۆڵانە و
لەوێدا /
ڕەشماڵێک هەڵبدەم
تا هەتا لە نێویدا بمێنمەوە
یان وا هەستدەکەم
من لەو کۆڵانەدا بەدوای کەسێک دا دەگەڕێم
کەسێک/ لە خۆم غەمگینتر و تەنیاتر
کەسێکی چاوشین و خەیاڵشین
شینتر لە شینەکانی دەریا
شینتر لە شینەکانی هەور

شینتر لە شینەکانی شیعر

وا هەستدەکەم
هەر لەوێشدا دەیدۆزمەوە
چ سیحراوی و شەونماوییە
جوانییەکانی ئەم کۆلانە
چ تابلۆیەکی ڕەنگین و
چ پەیکەرێکی سوریالییە ئەم کۆلانە
لە فیگەرە حەزینەکانی نێو خەونەکانم دەچێ
کۆلانێکی مەست بە جوانییەکانی ئاو
کۆلانێکی ئاوی بە مەستبوونەکانی عەشق
درەخت و دەرگا و دیوارەکان/ ئاوی
جۆگەلە و جۆبڕکە و زەنگەزۆرەکان/ ئاوی
کچۆڵەی کەویاری ئاوی
مێردمنداڵی منەوەری ئاوی
(بەرخۆکەی) بێگوناهی ئاوی

قوشقاقەزی قەشەنگی ئاوی
ئاو ئاو ئاو ئاو ئاو
چ دەبێ گەر هەموو شتەکانی ژیان
وەک ئەم کۆلانە زەردە دەبوون بە ئاو
ئەستێرە و ئاسمان و دارستان و چیاکان
عاشقەکان و جێژووانەکان
پاشاکان و کۆشکەکان
ڕێبوارەکان و ڕێگاکان
هەژارەکان و کەلاوەکان
خوداکان و پەرستگەکان
هەر هەموویان دەبوون بە ئاو

لە نێو ئەم کۆڵانە زەردە زێڕینییەدا
نەرم نەرم گەڵاکان دەوەرن
بێدەنگ بێدەنگ باران دەبارێ
وەرزەکانی تەمەنیش یەک بەدوای یەک تێدەپەڕن

ئەم کۆڵانەش تادێ ڕەنگ و ڕوخساری زەردتر دەبێ
تادێ ژیان لە نێو ئەم کۆڵانە بچووکتر و بچووکتر دەبێتەوە
تا دێ بوخچەی خۆزگەکانیش گرێکانیان توندتر دەبن
ڕەنگی تەیرە عەبابیلەکانیش کاڵتر دەبنەوە
ئێستا زەمەن لەنێو ئەم کۆڵانەدا خەون نابینێ
ئەستێرە و پەڕەسێلکە و درەختەکانیش
خەون نابینن
بە بیرم دێ ڕۆژانێک لەم کۆڵانە زەردەدا
کات خەونی دەبینی
مرۆڤەکان خەونییان دەبینی
تەنانەت زەردەواڵە و پەپوولە و مێشوولە و
هەموو زیندەوەرەکان خەونییان دەبینی
هەموومان پێکەوە لە نێو خەونێکی گەورەدا بووین
دەمەوێ بگەڕێمەوە ئەم کۆڵانە زەردە و

لەگەڵ کوڕ و کچانی منداڵیم
ژیان و گەمەکانم دەست پێبکەمەوە
شەوان (قەرە قەرەیانێ) و(چاوشارکانێ)
بە ڕۆژیش (پەلیکانێ و ڕەسم ڕەسمانێ و کەلایانێ و
شێر و خەتانێ و ساپساپانێ و تۆپانێ و...)
یان/ لەگەڵ کۆڵانانەکانی دەوروبەر
شەڕە بەردانێیەکانمان دەست پێبکەینەوە
با بگەڕێینەوە نێو ئەو ڕۆژە گەرمانەی

کە ئاگر لە نێو دڵی خاک هەڵدەستا
ئەو گەرمایەی کە سەری کەچەڵانی دەسووتاند
ئێمەش بە تەپە تەپی تۆپێن و بە هاتوهاوارەکانمان
هەموو دواینیوەڕۆیەک
خەومان لە چاوەکانی (مەلاژنە عەیشێ) و
هەموو دراوسێکان دەتۆراند

یان دەمەو ئێوارانی ئەم پێنجشەممانەی
کە مام سابیری مجێور
لە گۆڕستانی شیخ مەلا ڕەشید
ئایەتە قورئانییەکانی بۆ خەڵکان دەخوێند
ئەوانیش دوای تەواو بوونی ئایەتەکان
نان و حەلوای بەشەکرییان بەسەرماندا دابەش دەکرد
ئاخ چەند شیرین و شەکەری بوو ئەم حەلوایە
دەبا بگەڕێینەوە
ڕۆژە هەرە سەرەتاییەکانی نێو
قوتابخانەی (برایی)
وەکوجاران لە گۆڕەپانی قوتابخانە بەڕیز بوەستینەوە
گوێ لە قسە و وتارەکانی
مامۆستا (سەرهەنگ تۆفیق) ڕابگرینەوە
یان (کامەران بێباک) بە دەنگە زوڵاڵەکەی
شیعر و پەخشانە نەتەوەییەکانمان بۆ بخوێنێتەوە

دواتر بچینەوە نێو پۆلەکان
لە پۆلی یەکەمەوە تا پۆلی شەشەم بەسەریان بکەینەوە
لەگەڵ یەکبەیەکی مامۆستاکانیش دابنیشینەوە
(مامۆستا ئیحسان، مامۆستا قاسم، مامۆستا مەنسور،
مامۆستا یەعقوب، مامۆستا حسێن ، مامۆستا موحەمەد،

مامۆستا هورمز، مامۆستا عادل، مامۆستا یوسف،
مامۆستا حەسەن،.... )
یان مام (مەدۆک) ی فەراش
هەرگیز ئەم ڕۆژەشم بیرناچیتەوە
کە مامۆستا یوسفی وانەی کوردی
لە نووسینی داڕشتنێکدا
(سی لەسەر سی) پێبەخشی بووم
داڕشتنەکەش لەسەر جەژنی نەورۆز بوو
منی منداڵ/
سێ لاپەڕەم بە شیعر بۆ نووسی بوو

نیوەی دەرسەکەش بە ستایشی من و
بە ستایشکردنی داڕشتنەکەمی بەسەربرد
لە نێو ئەم ستایشەی مامۆستا یوسف
هەستم بە گەورەترین هێزی شیعر کرد لە خۆمدا
هەستم بە منێکی باڵا کرد
باڵا باڵا باڵا
یان ئەو منە باڵایەی
لە نێو قەسیدەی (دەقی تەمەن) و
لەنێو قەسیدەکانی ترم باسییان دەکەم و دەڵێم
(هەر خۆم و هەر خۆم و هەر خۆم
خۆمی تاک و تەنیا
خۆم تا ئەبەد خۆم...)
هەستم بە تۆخترین ڕەنگە نەرجسییەکان کرد
هەر لەو ڕۆژە هەستم بە فڕینی خۆمکرد و
وامدەزانی من لە جنسی ئەستێرەکانم

یان لە جنسی گەردەلوول و بروسکەم

هەستم بەوە دەکرد پەنجەکانم
بۆ قەڵەم و بۆ شیعر دروست بوون

شەڵاڵم کە لەنێو خۆتدا ئەی عەشق
من منداڵەکەی نێو کۆڵانە زەردەکەم
بەشەوچرپینی شالوورە شینەکان شادومانمکە
لە نێو شەونمی سەر گۆنات هەڵم بگرە ئەی گەڵا
بە بەرائەتی تەڕێتی خۆتم بسپێرە
بمگەیەنە نێو مەمکۆڵەکانی خۆرەتاو
یان نێو چاوەگەشەکانی گوڵەباغێکی نێو باغەکانی خودا
ئەی عەشق وەرە بمبەرەوە نێو کۆڵانە زەردەکەی خۆشەویستی
بۆ نێو کۆڵانە ئیرۆسییە ئاوریشمییەکانی خەون
با وەکجاران لەنێو کەژاوەی ڕاسانەکاندا
سێنییەک پاقلاوە و سێنییەک شەکەرات

سێنییەک گەزۆلەوزینە و سێنییەک شرۆب
کارتۆنێکی فلینەی پڕ
لە چلووره و کرێمستی و یازدەی ئازار
مەنجەڵێک شێلغەم و پاقلەی کولاو
فەردەیەک فەریکە نۆک و ڕێواسی شلک و ناسک
قاپێک تەمەر هندی
بەسەر ئاپۆڕای خەڵکەکە و
بەسەر منداڵانی گەڕەک دابەشبکەین
با وەکجاران گوێ لە گۆرانی و بەستە خۆشەکانی
ژن و منداڵە کۆچەرییەکان بگرینەوە
دوای تەواوبوونیشییان
یەک دوو نانە تیری و چەند عانەیەکییان پێببەخشین
با وەکجاران بە کۆمەڵ دەموچاوی خۆمان ڕەشبکەینەوە و

لە دەوری بووکە دارینەیەک کۆبینەوە
لەبەردەمی ماڵەکان
هەموو پێکەوە

ئەم گۆرانییە بڵێینەوە
(بووکە بەبارانێ
ئاوی بن دەغلانێ
هەیاران و مەیاران
یاخوا دەکاتە باران
بۆ فەقیر و هەژاران...)
ئەوە چ ژینە عەشقێک و
ئەوە چ ژینە مردنێکە
ئەوە چ چارەنووسێکی زەردە ئەی خودا
وەرە ئەی زەمەن
من ڕەتبووم و تۆ ڕەتمەبە
من وەکو خۆرەتاو ئاوابووم و تۆ ئاوامەبە
نیو سەدەیە بێوچان من ڕەتدەبم
وەک گەڵا من دەوەرێم و وەک گوڵ دەژاکێم

نیو سەدەیە بێوچان دەکەوم
هەندێجار ناتوانم هەڵسمەوە
نیو سەدەیە بێوچان ئاوا دەبم
ناتوانم ئاوڕێک لە دواوەی خۆم بدەمەوە
نیو سەدەیە دەڕۆم و ناگەم بە هیچ
هەر لە بۆشاییدا دەسووڕێمەوە
بۆشایی و بۆشایی و بۆشایی
نیو سەدەیە بۆشایی ماڵ و نیشتیمانمە
نیو سەدەیە منداڵی و کۆڵانە زەردەکەم

لەگەڵ خۆمدا دەگێڕم
لە نێو خەونەکانم دا بە تارایەکی سپی دایاندەپۆشم
نیو سەدەیە زەردێتی منداڵیم
دەڕژێتە نێو خۆم و خەیاڵەکانم
هەناسە و سیبیەکان و پەراسووەکانمی داپۆشیوە
شیعرەکانم و کتێبەکانم و وشەکانمی داپۆشیوە

من ئێستا مرۆڤێکی زەرد زەردم
ناخێکی سەوز و ڕوخسارێکی زەرد
خەونێکی سەوز و خەیاڵێکی زەرد
هیوایەکی سەوز و تەمەنێکی زەرد
من ئێستا
زمان و چاوەکانیشم زەرد هەڵگەڕاون
بە هەمان زمانیش شیعر دەنووسم
نازانم ئەو زمانەی من
زمانی نێو کتێبە زەردە ئاسمانییەکانە
یان/ زمانی نێو کتێبە سوورەکانی ئەستێرەیە
یان کتێبە سەوزەکانی باخچە
یان کتێبە خۆڵەمێشییەکانی خاک
من کێێێمممم ئەی خودا ؟
بەرەو کوێ دەڕۆم و دەمەوێ لە کوێ بگیرسێمەوە.
نیو سەدەیە بە شمشاڵێکی وەهمی

ئاوازێکی ناشاز دەژەنم
نێو سەدەیە/ تورەگەیەک لە وەهم و
جانتایەک لە پرسیار و
بوخچەیەک لە گومان لە گەڵم دایە
نێو سەدەیە سێبەرێک لە نائومێدی بەدوامەوەیە

نیو سەدەیە لە نێو خەونەکانمدا
نەزیف دەبم و خوێنێکی ڕەش ڕەشم لەبەر دەڕوا
نیو سەدەیە لە ژیان ڕادەکەم و لە نیو مردندا دەژیم
لە ڕووناکی ڕادەکەم خۆم بەتاریکی دەسپێرم
هەر لە ئەزەلەوەش
لە ماڵێکی تاریک هاتوومەتە دنیا
تاریک تاریک تاریک
تاریک وەک ئەشکەوتە تاریکەکانی بەهەشت
تاریک وەک کونجە تاریکەکانی نێو تەمە سپییەکانی ئاسمان

تاریک وەک زیندانەکان و ژێرزەمینە تاریکەکانی
نێو مەملەکەتی خۆرەتاو
وەرە ئەی زەمەن
لە نێو ئامێزی زریانی خۆت هەڵم بگرە و
لوولمدە لە نێو گەڵای ئومێدەکانت
ڕەنگمکە/ بە ڕەنگە کازێوەییەکانی دڵی خۆت
بمبەرەوە نێو کۆڵانە زەردەکەم
بۆ ژێر دەوارەکانی موحیبەت و
بۆ نێو چیرۆکە/
گەرم گەرمەکانی خۆشەویستی
یان گۆرانییە بەسۆزەکانی ئاوەدانی

لە نێو ئەم کۆڵانە زەردەدا
بە دیوێکدا
ژیان بە دەوری ماڵی مەرگ دەسووڕایەوە
زەمەن وەرزەکانی خۆی نەدەناسییەوە

خۆرەتاو لەناو کونجێکی تاریک خۆی دەشاردەوە

خەونەکان بە بێهوودەیی دووبارە دەبوونەوە
ڕۆژەکان و مانگەکان و ساڵەکان ڕەتدەبوون
بە بێئەوەی نیگاکانییان لەگەڵ یەکدا بگۆڕنەوە
یان ترسی دائیرەی ئەمنەکان و
پیاوە سمێل فشەکانی بەعس
هەمیشە مەرگ وەک عەمودێک
لە سوچێکی کۆڵانەکە چەقێندرابوو
ئێمەش بە دەوری دا دەسووڕاینەوە
یان ترسی لافاو
بەیانییەک لە خەو هەڵساین
بینیمان غەڵبە غەڵبە و گەڕەک شێواوە
کۆڵانەکان غەرقی ئاو بوون
بەچاوەکانی خۆم
بێشکەی منداڵان و مەنجەل و کەلوپەلی ترم بینی
لەگەڵ شەپۆلەکانی ئاو دەڕۆیشتن

لەولاوەش باس باسی مردن و خنکان بوو
دواتر پێیان گوتم
(عەلی حەمە شەریف) لە ئاوەکەدا خنکابوو
منداڵێکی قژلوولی چاوگەش
عەلی هاوپۆل و هاوڕێی کۆڵانم بوو
ئای چ خەبەرێکی خەمناک و پڕ ئازار بوو ئەم مردنە
من لەو ڕۆژەوە لە لافاو و ئاو دەترسم
لە هەرکوێدا لافاو دەبینم
وێنەی منداڵێکی چاوگەشی قژلوولم دێتەوە پێش چاو
بەم هەموو نائومێدییانەشەوە
هێشتا هەر فیردەوسێکی سەرزەمینە ئەم کۆڵانە
بە دیوەکەی تریش

ژیان بە ڕووتی وەک چارۆگەیەک بەسەر تەنافەکان هەڵواسرا بوو
عەشق بە ڕووتی خۆی لە قەدی درەختەکان ئاڵاندبوو

مانگ بە ڕووتی لە کەنار جۆگەکان ڕاکشابوو
زەردەخەنە بە ڕووتی
لەسەر دەرگاکان وێنەی خۆی ڕەسم دەکرد
بەرائەت لەگەڵ باراندا دەباری
حەوشە و بەردەرگەیماڵەکانی پاکدەکردەوە
ئاو لە نیو مەستبوونەکانی خاک دەخەوت
با هەموومان پێکەوە بگەڕێینەوە بۆ ئەم کۆڵانە
دەی دەبا بڕۆین
با کەرنەڤالی عەشق لەم کۆڵانە بەرێخەینەوە
بگەڕێینەوە بەرەو
منداڵێتی عەشق
منداڵێتی ژیان
منداڵێتی سەوزایی
وەک نیشتیمان و ماڵی دڵمان
هەمیشە شیرین و جوانە ئەم کۆڵانە

ئەگەر جارێکی تر لە دایک ببمەوە
حەزدەکەم هەر لەو کۆڵانە زەردەدا
چاو هەڵبێنمەوە
هەر لەو کۆڵانەش
لەگەڵ هەمان منداڵە چەتوونەکان گەورە ببم
پۆتینێک بکەمە پێ و لە نێو قوڕو لیتەکان بێم و بچم...!
بەڵام هەمان چاوەڕوانی و هەمان تەنیایی و هەمان نامورادی نا
هەمان شەرمنۆکی و هەمان بە ئەنفالبوونی خەونەکانمان نا
هەمان دراندن و سووتاندنی دەفتەری حەزو ئارەزووەکانم نا

نامەوێ جارێکی تر بەدیار مەرگی کاتژمێرەکان
چاوەڕوانی مردنی خۆم بکەم

ئەگەر ئەمجارە لە دایک ببمەوە
هەر لەهەمان کۆڵان
ناهێڵم کچۆڵەکان لەگەڵ کۆتر و کوکوختییەکان
لە نێو بیابانی ڕەشەبادا ون ببن

ناهێڵم درەختەکان خۆیان لە با بتۆرێنن
گیا شەرم بکات خۆی بۆ باران ڕووت بکاتەوە
مانگ چیتر بە ڕووی کچۆڵە تەنیاکان پێبکەنێ
دەرگاکان و پەنجەرەکانیش بێمەبەست دابخرێن

ئەگەر ئەمجارە لەدایک ببمەوە
بیست و چوارکاتژمێر و بەردەوام
دەخوازم
سروودەکانی خۆشەویستی و
لاوکەکانی بەختەوەری
هەمیشە هەر دەنگییان بێ
لە گۆڕەپانەکەی دەو مەجراش
ڕەشبەڵەک و دەهۆڵ و زوڕناکەی (سەید کەریم)
حەوت شەو و حەوت ڕۆژ
وەکوجاران بمانهێنێتە سەما و گوێیەکانمان کاسبکا

ئەگەر ئەمجارە لە دایک ببمەوە
ژیان بە بەرینایی خۆی دەهێنمە نێو ئەو کۆڵانە
ئەو کۆڵانەش دەکەم بە سومبوڵ و هێمایەک
بۆ ژیان و
بۆ عەشق و
بۆ مرۆڤبوون و
بۆ هەموو گەردوون...!

**ئەیلوولی ٢٠١٦**